


# ترۆتسكی له دوورخراوگه   پیتەرڤایز

(بەشی دووەم) ١٠ كرۆنشتات

ترۆتسكی لەپیشەوە لەسەر كورسی‌یەك دانیشتووە. بە دووربین سەیر دەكات، لەشیوەی نیو بازنەیەك دەیسورینیت. لەدواوە لیۆن سیدۆف و بلۆكمین دەردەكەون، بلۆكمین بەهیواشی قسان دەكات، لیۆن سیدۆف پرسیاریكی لیدەكات و ئەویش تیبینی خۆی دەدات. ناتالیا بەچەپكە گولیكی گەورەوە دیتەپیشی.

**ترۆتسكی** :

ئای لە دەریای شینی هەرگیز نەمر. ئای لە خۆری هەمیشە زیندوو. دەریای مەرمەرە. دەریای هۆمیرۆس. یولیسیس لە برنكیبۆ. سەول لیدان. راوەماسی. باشترین كات بۆ نووسین و خویندنەوە. (پەرتووكیك دەكاتەوە) دەزانن جەنگاوەرانی ئیمپراتۆری بریتانیای گەورە چ ناویكیان لیناوم ؟ كەتەی ئۆروپا

(پیدەكەنیت و بەرەو دواوە دەسوریتەوە. بلوكمین بەرەوپیش دەچیت).

چەرچیل ئەوەی لەبارەوە نووسیم و ووتویەتی : هەلدەچیٚ و هەرەشە دەكات و دەبۆلینیٚ و دەگورینیٚ و تانە دەداو پیلان دەگیریٚ. ئەو هەژاران دژ بە دەولەمەندان هاندەداو، پەستەكان دژ بە هەژاران رادەپەرینیت. بەلاٚم ئەو كۆمۆنیستە تاوانبارە بیبارانەی كە چەكداری كردن، كە سەركەوتن خستیانەلاوە. (پیكەنین)

(لیۆن سیدۆف رۆژنامەیەكی بەدەستەوەیەو دیتە پیشەوە)

**لیۆن سیدۆف** :

لە بیرلین دەلین: لەوانەیە ترۆتسكی بیر لەهاتن بۆ ئەلەمانیا بكاتەوە. ووریای ئەو یەهودی‌یە خوینمژە دەبین. پیكەنین

**ترۆتسكی** :

لەویندەری لە ئەوروپا، لەپشت دەریای شینەوە، لەژیر خۆری سووتینەردا ئایا ریگرەكانیان وەلانان ؟ نەخیر، لەویندەری هیچ بەلگەیەك بۆ ئەوە نی‌یە. ئایا

بیجگە لە فاشیست و نازیست چی تریان هەیە ؟

**بلۆكمین** :

پارتی ئەلەمانی دابراوە، لە وەنەوزیکی قولەدایە. فاشیستەکان دوژمنی راستەقینە نین، بەلکو سۆشیال دیموکراتەکانن، بانگەوازەکەشت بۆ هاوپەیمانی لەگەل سوشیال ـ دیموکراتەکان بە بەلگەیەکی تازەی دژەخونیت لیکدراوەتەوە.

**ترۆتسکی** :

پیویستە بەرەیەکی هاوبەش پیك بهینین، ئەگینا بزووتنەوەی کارگەری لە ئیستاو داهاتووشدا دەستی بەسەردا دەگیریت. لەبەرچاو نەگرتنی هیزی فاشیستەکان لەلایەن خەلکەوە شتیکی دەردناکە. لەسالی ١٩٠٥دا دیتمان، تەنیا پشتیان بە لەشکرە سەربازییەکانیان نەبەست . دەسەلاتداران پیویستیان بە خوینریژان هەبوو تاکو پاریزگارییان لیبکەن. ئای لەو شیوازە جەنگەلییانەی کە گرتیانەبەر. سەد رەشەکان. پاشماوەی وردە بۆرژواکان. مامۆستا بیتواناکان. ئەفسەرە خانەنشینە بیبنەچەکان. هەوالدزەکان، دژە خیمەکان. هیچو پوچەکان. بەناوی سەرمایەداری‌یەوە فەرمانرەوایی کارگەران دەکەنو لەناویان دەبەن.

**بلۆمکین** :

خەلکی لە وولاتدا دەلین، ئامانجی نیونەتەوەیی ترۆتسکی هیلانەوەی جیهانە لەباریکی پشیوی بەردەوامدا. دەشپرسن، بۆچی تیناگا کە پیویستە لە سەرمان سەرەتا، پیش ئەوەی بیر لە کەسانی‌دی بکەینەوە، دەبیت وولات پیشەسازی بکەینەوەو بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهینانادا زالبین. ئەو وا دەزانیت کە خۆمان بۆ بۆرژوازی بەدەستەوە دەدەین گەر شۆرشی جیهانی بەرپا نەکرا. بەلام، ئەگەر دژمان بوەستیت و باوەر بە توانای کارگەران و وەرزیرانمان لە بەریوەبردنی دەسەلاتدا نەهینێ و رەتیکاتەوە، ئەوا ئەو بەخۆی کۆمەك بە بۆرژوازی دەکات. زۆربەی ئۆپزسیۆن ئەم بۆچوونەیان هەیە. بیاتاکۆف، سەمیرنۆف، مراچکۆفسکی، رادیك، هیچ

یەك لەمانە پشتیوانیت ناکەن. هەمووان لەگەل پارتدا پیکهاتوونەتەوە.

**ترۆتسکی** :

نەخیر، رادیك نا. ئەو لەرادەبەدەر ئۆرۆپی‌یە. وی مارکسیستە. خاوەنی چارەکە سەدەیەك لەخەباتی شۆرشگیرانەیە. وی سەرلەنویێ لە هەولی رازیکردنیان دایە بە بانگەوازەکانم .

**بلۆکمین** :

رادیك ؟ هیشتاکە پیکەنینەکەی لەگویمدا دەنگدەداتەوە. کە ترۆتسکی دەرکرا من بە خۆشحالییەوە دەرمبری. من بە یەکجاری پەیوەندیم لەگەل لیۆن داڤیدۆڤیچ کۆتایی پیهیناوەو، ئیستاکە منو وی دوژمنی سیاسی یەکین.

**ترۆتسکی** :

ئەوە تاکتیکە دەیگریتەبەر، ئەگینا وانی‌یە.

**بلۆمکین** :

تەنیا راکۆفسکی‌یە. تاکو تەنیا. پیاویکی نەخۆش بەردەوام لەدەست وەستانی هەردەمەی دل دەنالینیت. ئۆپزسیۆن دەزانیت کە ئەوەی پییگەیشتووین دیموکراسی پرۆلیتیری نی‌یە. بەوهیوایەوەن کە جەماوەری گەل فشار بەکاربینیت. ئەوان ئەزانن کە گەل هاوکاریان ناکات، بەخۆشیان لەدەرەوەی پارت توانای هەستان بە هیچ شتیکیان نی‌یە.

**ترۆتسکی** :

وەبری پیادەکردنی سۆسیالیزم دەسەلاتی دەولەت پتەو دەکەن. ئەوان لایان وایە شۆرشی جیهانی بۆی هەیە لەسەر بنەمای نەخشەی پینجەکی بەرپابیت.

**بلۆمکین** :

لیۆن دافیدۆڤیچ بروانە. بوخارین، زینۆفیف و خمینیف لەترسی پرسینەوەی سەرکوتگەرانە خۆیان دا بەدەستەوەو کشانە دواوە. لەبەر ئەوە بۆ

خۆبەدەستەوەدان و پاشگەزبوونەوە ئامادە بوون. من بەچاوی خۆم زینوڤیف م بینی دەلەرزی و وەی لەدەست دابوو لەترسی ئەوەی کە ئەگەر لەخۆی رابیینیت رەخنە بگرت بۆ سیبیریا بگیرنەوە. بوخارینیش، ئەویك كە لەرابردوودا كۆلاكەكانی بۆ بەهرەمەند بوون لەرەنجیان هاندەدا، ئەورۆ بەدەنگی بەرز هاوار دەكات: بمرێ كۆلاك. سەمیرنۆف و، مراچكۆڤسكی یش ئەوانەی كە لەكاتی شەری ناوخویی دا نەیانتوانی شتیك بكەن یان پشتیوانی كەسیك بكەن، ئیستاكە سوپاسگوزاری سەركردایەتی دەكەن، تاوەكو سۆزی بەدەست بینن. هەروەها وا لەویندەرێ شەپۆلیكی گەورە لە ورە سەراسەری ولات دەگریتەوە. دەسەلاتی بێ چەندوچوون خەریكە مەلموس دەبێ. بیست و شەش ملیۆن لە وەرزیرە بچووكەكان لە هەژاری لەرادە بەدەردا تیاچوون. ئامرازە كۆنەكانی كشت گەلە تراكتۆرو دروینەر جیی گرتوونەتەوە. كارخانەو هەمبارەكان ، هیلی شەمەندەفەر، سایلۆو كارخانەكانی لەقتونان وەك دومبەلان هەلدەتۆقن، فرۆكەو، زریپۆش لەنیوان شەوورۆژیكدا دروست دەكرین. ئەوەی رەخنە لەمانە بگرێ وەك پوشكە لە هەوادا وون دەبیت.

**لیۆن سیدۆف** :

بەلام ئەوە تائیستاكە بەنرخی١٥ملیۆن مانگا، ٤ ملیۆن ئەسپ، حەوت ملیۆن بەرازو ٤٠ ملیۆن مەر لەسەر ولات كەوتووە.

**بلۆمكین** :

زیانی تریش دەبیت. ئەوانەی هەرچی بەر دەسیان دەكەویت و دەیشارنەوە هەروەك كۆلاكەكان بەسزای خۆیان دەگەن. ئەمەش ركی گەل بەرامبەریان زیاد دەكات. ئیستاكە شۆرش گۆراوە بە ململانی لەسەر خاكی رووسی. سەردەمی لاسایی كردنەوە بەسەرچوو. هۆنەران. دەرهینەرانی فیلم. وینەكیشان هەمووان پییدا هەلدەدەن. باوكی بە توانا. كەشتیەوانی كەشتیەكی گەورە. خۆری سوور. ئەمە بەشیكە لە شەپۆلی وەی گشتی. ئەو بەخۆی هەولدەدات كاروبارەكان بەرەوپیشەوە بەریت. كاتیك كە

هەلەیەك لە هەرە وەزیەكان روودەدات بە لیپرسراوان دەلیت: هەوای سەركەوتن لەسەرتانی داوە. لەسەر هەلەكانی خۆی لۆمەیان دەكات. بەلام هەلەیەكی گەورەیە كە وەك سەركوتگەر بۆی بروانریت. ئەو بەلای خۆیەوە پیی وایە ئەوەی كە وی پیی هەلدەستیت لە بەرژەوەندی دەولەتی كارگەراندایەو، پاریزگاری لە دەستكەوتەكانی شۆرش دەكات.

**ترۆتسكی** :

بەلێ. هیشتاكە دەولەتی كارگەران خۆی راگرتووە. هەلومەرجەكانی دامەزراندنی سۆشیالیزمیش لە ئاراداان.

هیشتاكەش لە ویندەرێ كەسانیك هەن كە شۆرش لە ناخیاندا زیندووە، بەلام شۆرش ناتوانریت لەیەك ولاتدا بەربەند بكریت. بەشیكە لە گەشەیەكی گشتیو هەمەلایەنە. دامەزراندنی سۆشیالیزم لەسەر بنەمای نەتەوەیی شتیك نابیت بیجگە لەگەرانەوەی روسیە بۆ شیوازە سەرەتاییيیە كۆنەكان. ئایا لینین هەمیشەو بەردەوام پیی لەسەر پشت بەستنی تەواومان بەشۆرشی جیهانی دانەدەگرت ؟

**بلۆمكین** : چوارلای روسیە بە سەرمایەداری گیراوە.

**ترۆتسكی** :

لە هەمووی گرنگتر چوونە دەرەوەیە لەو بازنە داخراوەدا. لەبەر ئەوەی پرۆلیتاریای جیهانی لەهەلومەرجیكی جۆراوجۆردا دەژیت، ناتوانیت هاوكات لە هەموو شوینینیك لیدانی خۆی ئاراستە بكات، ئەمەش وامان لیدەكات كە لە پەیوەندیيەكی توندوتۆلدا بین. هەرچەندە كە دەولەتی سۆڤیەتەكان خۆی كر دەكاو دژەخونی لە شۆرشی چین دەكاتو گرنگی بەوە نادات كە لە ئەفریكای خواروو روودەدات، ئیمپریالیزم هیزەكانی كۆدەكاتەوە.

**بلۆمكین** :

ناوی ترۆتسكی لە پەروەندەكانی شۆرشدا سراوەتەوە. تەنانەت لەفیلمەكەی

ئیزنشتاین‌دا لەبارەی شۆرشی ئۆکتۆبەرەوە ناوت ناهینریت. نەوەکانی داهاتوو هیچ شتیك لەبارەتەوە نازانن. سەرلەنوێ میژوو دەنووسریتەوە. نوزە نامینیت. ئەو خۆی بەتەنیا لەسەرەتاوە لەگەل لینین مایەوە. ئەوەی کە تۆو لینین پیش دەسال داتان ناو، لە جێبەجیکردنیدا سەرنەکەوتن ، ئەوەتا ئەو ئەنجامی دەدات. هەولتاندا بەهۆی فەرهەنگەوە سۆشیالیزم بەدی بینن ، لەریگەی شۆرشی فەرهەنگی‌یەوە. ئەو بە بەکارهینانی زۆر هەولی جێبەجیکردنی دەدات، هەرچەندە لەسەر ئیسکە پەیکەرەی خەلکیش بیت. دەردەکەویت کە وی راست دەکات.

وی ولات لەرووی پیشەسازی‌و سەربازی‌یەوە، بەهیزو بە توانا دەکات، بەشیوەیەك کە بەرپەرچی گشت هیرشەکان دەداتەوە. تۆش ئەی لیۆن داڤیدۆڤیچ، لە بەکارهینانی هیزدا دودل نەبووی کاتیك کە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا کەوتە مەترسی‌یەوە.

**ترۆتسکی** :

بلۆمکین، ئامۆژگاریت دەکەم کە بمینیتەوە. گەر ببیستن کە تۆ هاتوویتە لای من، لەبن دیواریکدا دەتکوژن.

**بلۆمکین** :

تۆ باشم دەمناسی کە من کۆنە تیرۆرستم، گەر نەمتوانیایە کاروباری خۆم بەرێ بکەم، ئەوا هاوکات لەنیو هەوالگری‌و ئۆپۆزسیۆنیشدا نەدەبووم. من دەتوانم هەرکات بمەویت پییان بلیم من وەك بەکریگیراویکی نهینی بۆ ئاشکراکردنی نهینی‌یەکانت سەردانیم کردوویت. ( بلۆمکین دەچینە دەرەوە )

**لیۆن سیدۆف** :

تەمەنی دریژ نابیت، تەنانەت گەر دزرژینسکی‌یش ئیستاکە زیندوو بوایە، نەیدەتوانی ئیستا بە هانایەوە بچیت، بلۆمکین هەمیشە پیاوی کاری پر مەترسی بوو. لە ١٩١٨دا، کاتیك کە تەقەی لە نوینەری ئەلمانی کرد، دەیتوانی شۆرش تیك بروخینیت، دەیویست بەهەر نرخیك بووە شەر بەردەوام بیت.

**ترۆتسکی** :

تیرۆر. چەندە ئەم بیرۆکە ئیمەی تەزاندووە. رووبەرووی کردەوەی تیرۆری تاکەکەسی دەبووینەوە. تووشی خۆشباوەری رۆمانسیانە دەبووین هەروەك دەستەیەك شۆرشگیری خۆشباوەر بەوەی کە بە چەندە گوللە دەمانچەو چەقۆو هەندیك نارنجۆك، دەتوانن ئیمپراتۆری قەیسەری لەناوبەرن. پیویستە جەماوەر بەریگەکانی ململانیی چینایەتی‌دا تیپەرن، نەوەك ئەوەی هیوای بە دەستەیەك تۆلەسین‌و رزگارکەر بیت کە جیگەی بگرنەوە.

**لیۆن سیدۆف** :

بابە ئەورۆ؟ ئەورۆکە سەرکۆنەی توندوتیژی‌و تیکدەری دژبە بیروکراتەکان دەکەیت؟

**ترۆتسکی** :

تیرۆر وەك ئامرازیك بۆ بەرهەلستی ؟ شیتی‌یەکی تەواوە. پیویستە پشتیوانی یەکیتی سۆڤیەت بکریت، بە هەر نرخیك بووە. بەهیزکردنی نیونەتەوەیی‌و کۆمەکی شەر لەدەرەوەش ئەرکی مەیە.(هەلدەستیتەوە هەنگاودەنی‌و دیت‌و دەچیت). تەنیا توندوتیژیەك کە دانمان پیداناوە توندوتیژی جەماوەری‌یە، لەبەر ئەوەی لە پارتەکەماندا دژی بۆرژوازی‌و سۆشیال دیموکرات‌و مەنشەفیکەکان پیویست بوو. بەم ئامرازە لەسەر بنەمای سیاسی پرۆلیتاریای روسی، ئەم هیزە شۆرشگیرە، ئەم کەمایەتی‌یە بچووکە، دەتوانیت دەسەلات بگریتە دەست. ئای لەو بەرەوپیش بردنەجوانە، ئای لەو دەستکەوتە چاکانە، لەکاتیکدا کە جەماوەری بەرینی کارگەران لە ئەوروپا، بەپارتە بەهیزەکانی‌یەوە، نابزوێ، بەلکو خۆبەدەستەوە دەدات. کوا ئەم توندوتیژی‌یە وەك تیرۆری سەرمایەدارانە . بەلام بەجویك بە هەلەدا چووین، دوژمنی چینایەتیش ناکۆکی‌یەکانی بەسەریدا زال نەبوون. بەلکو هیزەکانی کۆکردنەوەو دەستی بە فراوانکردنیان کرد. ئەوەتا سەرمایەداری ئەمریکی نەخشە بۆ ئیمپراتۆری ئەلمانی‌و بریتانی دەکیشیت، ئیستاکە لە هەولی دەست بەسەرداگرتنی کیشوەرە

یەك لەدوای یەكەكانە. شۆرش؟ بەلێ، بەردەوام دەبیت. بەڵام دژواری فرە دینە سەر ریی، ئەو سەختیانەی كە ئەوكات نەمان دەتوانی لەبەرچاویان بگرین. پێویستمان بە تیكۆشانی زیاتر هەیە تاوەكو جەماوەر بتوانیت لە چنگی ئیمپریالیستە نویكان رزگاری بیت. ناكریت دوژمن بە كەم بگیریت، لایەنگری زۆری هەیەو ژمارەی زمانلوس و راركانیش گەورە.

تیرۆری جەماوەری، هیزیكی شۆرشگیرانەیە. بەلێ. ئەم گومانی تیدا نی‌یە.

( بەشداربووانی لیكۆلینەوەكانی پیش كۆنگرەی پارت، ئازاری ١٩٢١ لەوانە: لینین، ئەلیكسەندرا كۆلینتای، دزرژینسكی، بیاتاكۆڤ، سلیابنیكۆڤ، رادیكو كەسانی‌تر دینەژوورەوە،. لەدەوروبەری میزەكە دادەنیشن. لیۆن سیدۆڤ دەچیتە دەرەوە).

**لینین** :

ئای كە رۆژئاوا چەند بەخۆزگەو تامەزرۆی شەری ناوخۆو مالویرانی‌یە لە روسیە. گەر دەستەو تاقمی كۆن هەنگاو هەنگاو لەگەل كارگەراندا رووبەروو نەبوایەتەوە، گەر داوای كۆمەكی سەربازیان لە دەرەوە نەكردایە، ئەوا شەری نیوخۆیی رووی نەدەدا. لەگشت روویەكەوە، وەها نەخشە بۆ شۆرش كیشرا، كە بیجگە لەژمارەیەكی كەم قوربانی نەدریت. بۆ شاردنەوەی كردەوەكانیان بیدەنگە لە برسی‌یەتی‌و بیخانەولانەیی‌و هەژاری لەروسیە دەكەن. پییان دەلین، بەچاوی خۆتان دیتتان كە ئەوە چارەنووستان دەبیت، ئەگەر شۆرش بكەن. ئەوان ئەو جیاوازی‌یە سەرسوورهینەرەی نیوان چینەكان لەكومەلگەكانی خۆیاندا لەبەرچاو ناگرن. نەخیر مەخاوەنی ئەو سامانە نین كە گەلە دەولەمەندەكانی وان هەیانە. مە هیشتاكە لانیكەمی ئەوەی بەلینمان داوە بەدیمان نەهیناوە. ئیستاكەش، مە لەورەی كۆمۆنیستانەوە دەچینە قۆناخی ئابووری تازەوە، پیویستە لە دابراوی‌یەكدا كاربكەین كە لەوخەونە ناخۆشە دەچی كە هەمیشە لیی دەترساین. هاوریێیان توانای بەدیهینانی سەركەوتنی خیرامان نی‌یە، سەركەوتنی شۆرشی جیهانی.

**کۆلۆنتای** :

چەندی رۆژگار تیدەپەریت، هیندە دلەراوکێو ترس زیاد دەکات، تا ئیستاکەش خەلکی شتیکیان لەدیموکراسی کارگەران کە بەلینیان پیدرابوو دەست نەکەوتووە. لەگەل شەپۆلی تازەی پاکردنەوەش سەرلەنوێ ترس بلاودەبیتەوەو خەلك دەپرسن: بۆچی پارت بەدەیان هەزار ئەندام دەکاتە دەرەوە ؟

**لینین** :

پیویستە پارت وەکو پیشووی لیبیتەوە: پیشرەوی پرۆلیتاریا. لەنیو ریزەکانی پارتدا لەکاتی شۆرشدا ئەندامگیریمان کردووە کە لەرابووردوویان شتیك نازانین.

**دزرژینسکی** :

دادگە ئاشکراکانمان. لە رابوودوو هەلسوکەوتی گشت ئەندامە وەرگیراوەکان لەنیو پارتدا بەراوورد کرا. سەربەستی قسەکردنیشمان لەدژی هەرکەسیکی‌تر یان لەبەرژەوەندی خۆیان بە هەمووان دا.

**شلیابنیکۆف** :

بەلام ئەمە تۆمەت هەلبەستن، رکەبەریو بەخیلی تاکەکەسی هان دەدات.

**کۆلۆنتای** :

گشت ئەوانەی کە لەپارتدا کرانە دەرەوە رۆژیك لەرۆژان لە چالاکی‌یەکاندا بەشداربوون، دەنگیان داوە، بریارەکانیان بەرەوپیش بردوون، لە پریکدا ئاشکرابوو کە بۆ ئەندامەتی لەپارتدا دەست نادەن. چ پارتیکە ئەم پارتە ؟ ئایا پیمان سەیربیت کە خەلك گومان لە سەراپای پارت بکەن ؟ ئەم تۆمەت هەلبەستنە لەگەل ئەو سیاسەتە رۆشنبیرییەدا کە دەمانەویت پارت پەیرەوی بکات نایبیتەوە.

**لینین** :

هاورێ کۆلەنتای، دزرژینسکی سەرۆکایەتی ریکخستنی نهینی گرتۆتە دەست، وی بەمە راستەوخۆ نوینەرایەتی دیکتاتوری پرۆلیتاریا دەکات. تەواو سەربەستمان

کردووە بۆ دژایەتی کردنی دژە شۆڕش. ئیستاکە لەسەرمان پیویستە متانەمان بە هەمووان هەبیت. لەوکاتەشدا کە دوژمن بۆ لەناوبردنمان گشت ئامرازە ستراتیژی‌یەکانی بەکار دینیت، دەتوانین دیکتاتۆری پرۆلیتیاریا بە تاکە شیوەی دادپەروەری دابنیین.

**کۆلۆنتای** :

لەبەرنامەی پارتی کۆمۆنیستدا هەمووان پیکەوە لەسەر هەلوەشاندنەوەی بیروکراتیزم پیماناداگرت. گووتمان هەموو ئەندامیك لەسۆڤیەتدا پیویستە لە بەریوەبردندا بەشداربیت. پیشناریشمانکرد کە بەردەوام لە کارریکەوە بۆ کاریکی‌تر بیانگوازینەوە تاوەکو لەگەل گشت جۆرە کاریکدا رابین، ووتمان نا بۆ تایبەت بوون، خەلکمان بۆ هاریکاری کردن لەکاردا بانگەوازکرد. راهاتنو پیگەیین رابەرو بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیریش ئامانجمان بوو، بۆئەوەی بەرەبەرە بتوانین دەزگەی دەولەتی لەناوبەرین. لەریگەی رزگارکردنی فیرگەکان لەژیر یاسا وەرسکەرو بابەتە بیمانا پەروەردەییە باواکانو، هاندانی بیرکردنەوەی سەربەخۆو، هیرش کردنە سەر بنەما رزیوەکانی دامەزراوەی ژیانی خیزانی، دەستبەکاری پەروەردەکردنی مرۆڤی نویٰ بووین،.

**دەنگ** : راگەیاندنی ئازادی پەیوەندی‌یە سیکسی‌یەکانیش.

**کۆلەنتای** :

بەلیٰ پیویستە دەست بردن بۆ سیکس بەهەمان ئاسانی خواردنەوەی پەرداخیك ئاو بیت.

**دەنگ** : ئەمە دژی کۆمەلگەیە. ئەی منالان چی‌یان بەسەردیت ؟

**کۆلۆنتای** :

مۆلەتی جیابوونەوەمان داوە. بەلام نەوە جیماوەکان لە کۆمۆنەکاندا دوور لە ئارەزووە پوچەکانتان گەورە دەبن.

**لینین** :

باشــە ئیلکســەندرا. منــدالآن کارگــەران‌و وەرزیــران پــەروەردەیان دەکــەن. زۆر جوانـە. تـۆ هونـەری شۆرشـگێری هـاندەدەیت. چیرۆك دەنووسـیت‌و فیلـم دەردینیـت. جوانە. بەلاّم لەبیرت نەچیت مە سێ سال شەری ناوخۆمان بەسەر بردووە. کیلگەکان وەرزیان بەسەرچوو. زیاد لـەنیوەی پیشەسازی گـەورەمان لـەناوچوو. کانە خەلوزەکان بەئاو پربوونەوە. دەیان ملیۆن خەلك بەدەم برسـی‌یەتییەوە دەتلینـەوە. بـۆ سـەرکەوتن بەسەر دژواری‌یە مادی‌یەکاندا مە زۆرتر پیویستمان بە تیپە هوشیارکەرەوەکان هەیە.

**بیاتاکۆف** :

شۆرشـی پرۆلیتـیری سـەرکەوت، بـەلاّم چـی بەسـەر پرۆلیتاریـادا هـات ؟ سـەرەرای ووشـکە سـالّ وەرزیرەکـان دانیــان بـەخۆیاندا گـرت. بـەلکو زەوی‌یـەکانیان پـاککردەوە دوای سەندنەوەیان لە مۆلکدارەکان. بەلاّم ئەو برە دانەویلە کەمەی کە بەرهەمی دینن بۆ خۆیان هەلیدەگرن، گەر بیبەنە شار سوودی لینابینن. کارگەران بەبێ خۆ هیلاککردن بـۆ چـەند دانـە پەتاتــە، رۆژانــە نانیــان دەســت ناکــەویت. برســی‌یەتی بــەرەو دزی‌و راورووت‌و بازاری رەش پال بەزۆربەیانەوە دەنیت. ئەوانەی کە هیشتاکە لە کارگەکاندا کاردەکـەن ئـەوەی کـە بەرهــەمی دینـن بــەخۆیان دەیــدزن. مــە ئیســتاکە لــە بــەهاری ١٩٢١دایـن. دەبینـین ئـەو کەسـانەی کـە دەبـوو لـە دەولـەتی نـوێدا چیـنی دەسـەلاّتداربن دەروخین‌و رەوشتیان بۆگەن دەکات.

**شلیابنیکۆف** :

هاوریێ بیاتـاکۆف هۆکـەی چی‌یـە ؟ هەلـەی کارگـەران نی‌یـە بـەلکو هەلـەی پارتـە. پـارت دەلیت ئەو نوینەرایـەتی چنیـی کارگـەر دەکـات، بـەلاّم تـەنیا نوینەرایـەتی خۆی دەکات. دەستەمۆی دەزگەکەی خۆی بووە.

**لینین** :

شلیابنیکۆف من داوای دەرکردنتم لە کۆمیتەی ناوەندی کردووە، نەك

لەبەرئەوەی کە رەخنە دەگری بەلکو لەبەر ئەوەی کە رەخنەکان دەبەیتە دەرەوە، وەك بڵاوکردنەوەی وتارگەلیك کە تییاندا لۆمەی پارت دەکەیت. رەخنە لەنیوخۆی پارتادا بۆی هەیەو پیویستە توندیش بیت. بەڵام تۆ سنوورت بەزاند گەر لەم بارەوەش بوارمان بدایە. پارت نەدەما.

**شلیابنیکۆف** :

هاورێیان. خەریکە بەرژەوەندی شۆرش لەگەل بەرژەوەندی پارتی کۆمۆنیستدا دژ دەوەستیتەوە. خەلکیش لەگشت لایەکەوە خەریکن دەلین ئیوە فرەتر گرنگی بە پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆتان دەدەن تاوەکو گرنگیدان بە مافە دیموکراتییەکانی کارگەران.

**لینین** :

هیشتاکە دەزگەی دەولەت هەر کۆنەکەیە . بەلێ، جیی رەخنە نییە. هیشتاکە لەناوەرۆکدا سیزارییە. بەڵام هیندیك خوینی سۆڤیەتی تیکەل بووە. ئەم دەزگەیە بەلیپرسراوانی کۆن ئامادەکراوە کە چییان پیخۆشبیت دەیکەنو لاوازمان دەکەن، هوشیارانە یان خۆبەخۆ. مە یەك بەیەك شوینیان دەگرینەوە. لە ئیستاشەوە تاکو تیکشکانی دەزگەی کۆنو فیربوونی کارگەرانو وەرزیران کە چۆن ئابووری گەل بەریوەدەبەن، لە ئیستاوە تاوەکو ئەوکاتە، پیویستە دەست بەسەر شتەکاندا بگرین.

**شلیابنیکۆف** :

تۆ هەولی سەربازگیری کارگەرانو کردنیان بە کەرتی جەنگاوەر دەدەیت. چ سۆشیالیزمیکە ئەم سۆشیالیزمە ؟ کارگەران وەك نیشانەی نادادوەری دەروانن سەرکردەکانیان. سووریشن لەسەر گرتنەدەستی ئابووری بەگشتی لەلایەن سەندیکاو سۆڤیەتی کارخانەکانەوە.

**ترۆتسکی** :

خۆشباوەری بەسە. پیش ئەوەی کە کارگەران زال بن، پیویستە لەسەریان

فـیری شـیوازی دیموکراتـی بەرهەمهینەرانـە بـن. بـا واقیعـی بـین. پیویسـتـە لـەپیناو مانەوەدا کاربکەین. شۆرش سەدان هەزار پیاوی ناردە شەرگەکان. ئیستاکە ئەومافەی نییە، کە لەروانگەی رەوشتییەوە، خەلك بنیریت بۆ بنیاتنانی کۆمەلگە ؟ چ پیویست بە سەندیکاکان دەکات ؟ بۆ خۆ پاراستن لەدەست دەولەتی کارگەران ؟

**لینین** :

لیـۆن داڤیدۆڤیـچ، بەتـەواوی دەولـەتی کارگــەران نییــە، دەولــەتی کارگــەرانو وەرزیرانە.

**دەنگ** : ( بوخارین )

کامەیە ئەم دەولەتە ؟ دەولەتی کارگەرانو وەرزیران ؟

**لینین** : هاوارى هاوریێ بوخارین بەرگویم دەکەویت.

**شلیابنیکۆڤ** :

بەلـێ. ئامرازەکـانی دەسـەلات جیـی ئـامرازە فەرهەنگییـەکان دەگرنـەوە، لەلایەکـــەوە دەســـتەموکردنی ئـــازادیو ســـەربەخویی، لەلایـــەکیترەوە نـــەزۆکیو قیزلیبوونـەوە. هاوریێیـان. ئەمەیـە راسـتی مەسـەلەکە. لـە کرۆنشـتات کارگـەرانو دەریاوانان بە ئاشکرا بانگەوازی لەناوبردنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دەکەن.

**رادیك** :

ئایـا ملکـەچی ریـرەوی ئەوانـە بـین کـە کاروانەکـە هیلاکـی کـردنو توانـای گرتنەبـەری ریگەکـەیان نـەماوە ؟ ئەوانـەی کـە نـازانن بـەرژەوەندی راسـتەقینەیان لەکویدایە؟ ئەوانەی کـە بواریـان بـەهیزە کۆنەپەرسـتەکان دا دژمـان هەلیانگیرنـەوە ؟

**لینین** :

مە دروشمەکانیان دەزانین، بروخین سـەرکوتگەرە بولشـەڤیکەکان. دەمانـەویت ئەنجومـەنی سـۆڤیەتەکان کۆمۆنیسـتەکانیان تیـدا نـەبیت. داوای ئـازادی کۆبونـەوە، ئازادی را دەربرینو ئازادی هەلبژاردن دەکەین. دەنگانی نەناس داوای ئازادی

دەکەن و دەقیژینن و دەنگ دەدەنەوە کاتیك کە دروشم دەدەن: بژی شۆرشی سێیەم.

**شالیابنیکۆف** :

یاخیبوونی کارگەرانی پترۆگرادو دەریاوانانی کرۆنشتات ئامانجی گیرانەوەی بۆژوازی نییە. ئەو کەسانە ئیوەیان هینایە سەر دەسەلات، ئەوەتان لەبیرکرد ؟

( لینین بەتوندی هەلپەدەکات )

**لینین** :

هەمان ئەو کەسانە نین. ئەو پیاوانەی لەپیناو شۆرشدا جەنگان لیرۆکانە نین. یان لەپیناو مەسەلەکەدا گیانیان بەختکردووە. یان ئەورۆکە لەبەرەی شەردان، بەلام ئەو لاوە دەریاوانانە، بەهەلەداچوو و دۆشداداماوانە، لەمانای شۆرش ناگەن.

**ترۆتسکی** :

شلیابنیکۆڤ، ئیوە لە ئۆپزسیۆنی کارگەریدا باوەرە دیموکراتییەکانی خۆتان کردووە بەبت و دەیانپەرستن. ئیوە مافی هەلبژاردنی نوینەران دەخەنە سەرووی مافەکانی پارتەوە. هیشتاکە شۆرش لەهەولی جیگیرکردنی خۆیدایەو ناتوانین هەموو شتیك لەسەر بنەمای دیموکراتی کارگەران ئەنجام بدەین.

**شلیابنیکۆڤ** :

لیۆن دافیدۆڤیچ، دەریاوانانی ئۆرۆرا دەیانەویت هۆکەی بزانن.ئەو ئۆرۆرایەی کە بەخۆت ناوت نا شانازی شۆرش و بەناوبانگت کرد.

**ترۆتسکی** :

بۆ رەتدانەوەی پیلانی مەنشەفیك و ئەنارشیستەکان دژبە کۆماری پرۆلیتری، لەوەلامیك بەولاوەتر نییە، سوپای سوور وەلامدانەوەی لە ئەستۆ دەگریت، فەرمانم بە توخاشیڤسکی داوە.

**کۆلینتای** :

هاورێ ترۆتسکی، ئایا بەراستی پیویستە پیت بلیین کە ئیمە لەگەل

دیکتاتۆری جیکەوتەداین، دیکتاتۆری چینی کارگەرداین؟ بەلاّم هاوکاری جەماوەر مەرجی سەرەکی‌یە. پیویستە نیشانت بدەین کە بەبێ ئازادی لە دەریریندا ژیانی گشتی پەژموردە دەبیتو دەمریت؟ بەبێ کۆمەکی جەماوەریش لە گشت ئاستەکانی بریارداندا نەخشەکیشان دەبیتە نەخشەکیشانیکی فاشیستانە؟ دەتەویت سۆشیالیزم وەك بنیاتنانی ئەهرامەکان لەلایەن فیرعەونەکانەوە بنیات بنییت ؟

**ترۆتسکی** :

لەم وولاّتە دواکەوتووەی مەدا پیویستە لەسەرمان بەشی پیشرەوی گەلەکەمان لەسەر شیوەی نویی کارکردن رابینین. پیشەسازی پیشکەوتوو هیشتاکە لەسەر وولاّتانی سەرمایەداری وەستاوە، مە ئەندازیارو شارەزایانی ئابووری و بەریوەبەرانمان کەمن. پیویستە لەسەریشمان وەك سەرەتایەك هاوسەنگی نیوان شارو لادی بەدی بینین. ناشتوانین بەبێ پشتیوانی ئابووری بۆ وەرزیرانو، هاندانیان بۆ فرۆشتنی زیادە بەرهەم بۆ سوود بەدەستهینان بەمە هەستین.

**دەنگ** (**ستالین**):

بازرگانی ئازاد. هەروەها ئەمەیە کە مەنشەفیکەکان داوای دەکەن. هیز تەنیا ئاخاوتنیکە کە کۆلاکەکان لیی تییدەگەن.

**ترۆتسکی** :

مە نەبووینەتە هیزیکی وەها گەورە کە بتوانین رووبەروو پەلاماری بۆرژوازی جیهانی بدەین. لەبەر ئەمە لەسەرمان پیویستە هاوکاری بکەین.

( **نیشانەی دۆشدامان** )

تا کاتیك کە رۆژئاوا ئامادەی شۆرش دەبیت.

**دەنگ** ( **ستالین**) :

بزووتنەوەی شۆرشگیرانە لە رۆژئاوادا نی‌یە، ئەوەش کە دەیلین تەنیا گومانو خەملاّندنە.

**ترۆتسکی** :

به دامەزراندنی پەیوەندی لەگەل رۆژئاوادا دەست پیدەکەین. هانی شیرکەته بیانی‌یەکانیش دەدەین بۆ وەگەرخستنی سەرمایەکانیان لەوولاتەکەماندا. لەبەر ئەوەی کە ئامانجی ئەم شیرکەتانە کەلەکەکردنی سوودە بەرەولامان دین،
بەمجۆرەش کۆمەکمان دەکەن لەکۆکردنەوەی هیزدا بۆ زالبوون بەسەریاندا.

**دەنگ** (**ستالین**) :

یان ئەوەی کە ئیمە ببینە سەرمایەدار.

**لینین** :

بەلیٚ، پەیرەوی سەرمایەداری دەولەتی دەکەین، نەك لەدەولەتی سەرمایەداریدا بەلکو لە دەولەتی پرۆلیتیریدا. دەولەتیش جلەوی ناوەندە ئابووری‌یە گرنگەکان دەگریتە دەست. ( **نیشانەی دۆشدامان** )

**ترۆتسکی** :

لە پیشەسازیدا بوار بۆکیبرکیٚو دانی خەراج دەرەخسیت. وانەیەك لە تایلۆری ئەمریکی‌یەوە فیر دەبین.

**دەنگ**( **ستالین**) :

کۆتایی بە سۆشیالیزم دینین.

**لینین** :

لەم سەردەمەی ئیستادا سەرمایە دوژمنمان نی‌یە، بەلکو بورژوازی گچکەیە کە ریگری لە نەخشەکیشی دەولەت دەکات. مە وەك ململانی‌یەك لەنیوان کەرتی سۆشیالیستی پیشەسازی گەلیو، بەرنامە ریژی، لەگەل کەرتی تایبەتیو، بازرگانی لابەلا، بازارەکانی کالای دیهاتی‌دا، دەروانینە سیاسەتی ئابووری نویٚ. دەولەتی کارگەران ململانیی چینایەتی دەگوازیتەوە بۆ لادیکان. ملیۆنەها وەرزیر چاکی‌یەکانی کشتوکالی بەکۆمەلی دەبینن‌و، فیردەبن چۆن شیوەکانی بەرهەم هینان

باشتر بکەن. ئەمە کرداریکی جەدەلیە کە تییدا ئۆلگووە سۆشیالیستی‌یەکان بەرەبەرە پیشتر دەکەون، هەروەها سەرەنجام کەرتی تایبەت بە بونبەست دەگات.

**کۆلۆنتای :**

ئەی دەسەلاٌتی پارت ؟

**لینین :**

هاوریٌ، دەسەلاٌتی پارت ناپەیدا دەبیت، گشت پیشنیارەکان خراونەتە بەردەم بەراوردکردن‌و گۆرانکاری. پرسکردن. تویژینەوە گشتی‌یەکان. بواردانی فراوان بە تیروانینەکان وەك پیگەیەکی پتەو بۆپارتیەك کە بوونی دەگیریتەوە بۆ بزووتنەوەیەکی گەلی بەهیز. بەلاٌم، نەك بۆ هاوپەیمانی‌یەکان. نەك بۆ ئەو کۆمەلە جیابووانەی کە هەولی لاوازکردنی ریزەکانی پارت دەدەن.

بەلیٌ بۆئازادی تویژینەوە، بەلاٌم بەبیٌ ئۆپزسیۆنیکی ریکخراو لەناو پارتدا. گشت بزووتنیکیش بەم ئاراستەیە دەبیت بەرامبەری بووەستینەوە.

( نوینەری دەریاوانان‌و نوینەری کارگەران دیتە ژوورەوە)

**دەریاوان :**

دەریاوانانی گەلەکەشتی بالتیك رایدەگەیینن کە پارت دەریری توانای ئەندامە کارگەرەکانی نی‌یە، لەبەر ئەوەی پارت گشت پیشرەوی‌یەك دەخنکینیت‌و هەموو کاریکی سیاسی بە جەنگی سەر کاخەز دەگۆریت، ئیمە دەستبەجی داوای گەرانەوەی پارت بۆ سەر پەیرەوکردنی شیوازە دیموکراتی‌یەکان دەکەین.

**کارگەر :**

کارگەرانی پترۆگراد بانگەوازی مانگرتنی گشتیان راگەیاندو، داوای هەلبژاردنی لیژەنەکانی تایبەت بەخۆیان و، هەلبژاردنی نوینەرەکانیان لە سەندیکاو ئەنجومەنی سۆڤیەتەکاندا دەکەن، هەروەها داوای ئازادکردنی گشت زیندانی‌یەکان‌و هەلوەشاندنەوەی باری نائاسایی دەکەن، تا دوا دلۆپی خوین

بـــــــــۆ ل٢٧

# میدالی کوردایەتی

**هەژین**

لەسەرخۆ تەلان تەلان بە هەناسە برکیوە سەرکەوتە سەرەوە، لەگەڵ هەلبرینی لاقەکانی سەریشی دەلەقایەوە. سەریکی بەرزکردەوەو بزەیەتی خستە سەر لیوە ووشك هەڵاتووەکانی، نیگا بەزەیی خوازەکانی سکاڵای دونیای رەبەنی و رەنجەرۆییان بەگویی داروبەردا دەدا.

بەپەلە سڵاویکی شەرمنۆکانەی لە کۆرەکە کرد، بێ ئەوەی لەنیوانیادا بۆ شوینیك چاو بگیرێ؛ وەك ئەوەی کە پیشتر بریاری دابێ تیکەڵ بە کۆرەکەیان نەبیت، لەبن دار هەنجیرەکەدا پالی داوە. ئاخر وی هەمیشە خۆی لەوە دەپاراست نەکا ببیتە شەوچەرەی کۆرەکان. هیندە هەستی بریندار کرابوو، باوەریشی بەخۆ نەمابوو. وەها بەپەلە وەڵامی دەدانەوە، دەتوت وشەکان زاری دەپروزینن. هیندە بروای بە بەخیرهاتنەکەیان نەبوو، لە وەڵامدانەوەدا ئاوری لینەدەدانەوەو تەنیا لەکۆلی خۆی دەکردنەوە.

**لیپرسراو**: بەخیر بییت حەمەدەمین، چۆنیت ؟

**حەمەدەمین**: باشم قوربان.

لیپرسراو: چییە، دەلیی ئەم ناوەت بەدڵ نییە، خەلیفە ؟

**حەمەدەمین**: بەدلیشم نەبیت، چم لەدەست دیتن !

**لیپرسراو**: کو بابم، مەگەر تۆ گەورەی هەمووومان نیت ؟

**حەمەدەمین**: نەخیر، من چ گەورە نیمە. گەر گەورەبام، ئەوە حارم نەدەبوو !

**لیپرسراو**: دەزانم. دەزانم بۆ واماتی، هەبێ و نەبێ سیگارت لیبراوە. وا نییە؟

**حەمەدەمین**: ئەدی کەنگێ مە پارەدار بووینە، پارەداران دیارن !

**لیپرسراو**: مامۆستا سالح، دە دیناری بدەرێ و بنووسە، حەمەدەمین دوو جار قەرزارەمە.

**م. سالح**: ها هاأأأأه، واته وی پیشەکی لیمان وەردەگریٚ، ئەمەیان تازەیە !

**حەمەدەمین**: ئەدی کو، ئەنگۆ، لەخۆرایی پارە نابەخشنەوە.

**لیپرسراو**: ئەوەندەت بەستە ؟

**حەمەدەمین**: لە نەبوون باشترە، خۆ ئەنگۆ (قسەکەی تەواو ناکاو هەلدەستیٚ تەوەو بەرەو سەرجادەکە بەلای راستدا بادەداتەوە)

**لیپرسراو**: من دەیناسم، خۆی حەزی بە بەزمە، کەلکی نەماوە سکرابە. بەلاٚم هەرچۆن بیت، راگرتنی بۆ پاسەوانی بنکە خراپ نییە. هەرچەندە کەلبەی دارزاوە !

(سەیریکی کاتژیرەی کردو کەمیك چرچ ولۆچە کشاوەکانی نیوچەوانی لیك نزیك کردنەوە. هەوای سییەکانی بەفوویەکی دورودریژ دەردایەوەو بالەکانی بەرزکردنەوەو ماسولکەکانی گرژ کردنەوە. دەستیکی بەسەرە رووتاوە بچووکەکەیدا هیناو یەك دووجار سەری بەلاو بەولادا سوراندو باسکی وەك دەسکی ئافتاوەی چەماندەوە بەر کەمەری. سەیریکی قەفەزی بولبولەکانی کردو روویکردە شۆفیرەکەی)

– عەلی، گالت کردە بەردەم بولبولەکان، قازەکان چی، بردنتە لای تاڤگەکە، تیۆتاکەت لە ریکنەی قازەکان پاککردەوە ؟

**عەلی** : بەلیٚ قوربان، هەرچەندە ئیستاکە لاقیان خۆلاٚوی بۆتەوە !

**لیپرسراو**: کەواتە دانە دانە لە ئاوەکەیان هەلکیشەو سەریان خەرە ناو تیۆتاکە!

**عەلی**: ئاخر قوربان دوا دەکەوین، بەئاسانی بۆم ناگیرین !

**لیپرسراو**: چەند جارم وت بیٚ وەلاٚمدانەوە، کارەکەت ئەنجام بدەو ئەوەندە مەلیٚ ! ، برۆ دوو (پ.م) لەگەلٚ خۆت بەرەو زووکە.

(لەگەلٚ هەلکیشانی پاژنەی کلاٚشەکانی، گشت وەك پرسەدارانی بەردەرکەی مزگەوت راست بوونەوەو پیشاو پیش وەستان، تا جەنابی فەرماندە پیشکەوت، لە گەورەوە تا بچووك پلە پلە کەوتنە ریٚ)

(دەنگی حەیرانەکەی مام حەمەدەمین، کارەساتەکەی هەلەبجەی

وەك پەردەی سینەما هینایەوە بەرچاوی سەرکۆو بەرە بەرە لەگەڵ رۆچوونە دەریای بیرەوەرییە دەنگ نووساوەکان، لاپەری هەلدراوەی رۆمانی دایك لیڵ دەبوو. هەلچوونی خەمو پەژارەی دلی حەیران بیژ، مەرگو ژیان لە یاداوەرییەکانا، شەری مانو نەمانیان دەکرد. بەتەواوی ئاگای لەدەوروبەری برابوو. پرسیارە کتوپرەکەی مام حەمەدەمین، وەهای داچلەکان، دەتوت بۆمبا بەسەریدا تەقیوەتەوە)

**حەمەدەمین**: چ بوو، هەمووان رۆیین ؟

**سەرکۆ**: ئا.. بەلێ مام حەمەدەمین.

**حەمەدەمین**: بەخودای حەزمکرد رۆیین، با بەخۆمان ئاسوودە دانیشن. ئەرێ بەراستی لۆ نیوەرۆ چمان هەیە؟

**سەرکۆ**: برنجو فاصۆلیا زیاتر چی هەیە ؟!

**حەمەدەمین**: ئەدی ئەوان نایینەوە ؟

**سەرکۆ**: برواناکەم، لەسەرەوە میوانی کراوون؛ گویرەکەیەکیان لە هەلەبجە هیناوەو خەریکی خواردنەوە دەبن.

بۆچ نارۆی ؟

**حەمەدەمین**: فاصۆلیا نەکورایەکەی تۆم پی باشترە.

**سەرکۆ**: کەمێ لەسەرم راوەستە، ئیستاکە هەلدەستمەوەو ئامادەی دەکەم !

**حەمەدەمین**: ئەرێ ناو گوندی دەریی چوونەتە هەواری، نە پیاوو نە مندار، نە .

**سەرکۆ**:نەچی، بلێ مام حەمەدەمین، تۆ هاوسەریت کردووە؟

**حەمەدەمین**: نەخیر.

**سەرکۆ**: خۆ دلداریت کردووە ؟

**حەمەدەمین**: کە جحیلّ بووم، حەزم لەکیژیك دەکرد، بەلاّم نەیان دا پیم. بەم جۆرەی کەوتمە شوین کوردایەتیو ئیستاکەش خۆت دەزانی !

**سەرکۆ**: چەند سالە پیشمەرگەی، لەحەفتاو شەشەوە ؟

**حەمەدەمین**: لەسەرەتای بەزمەکەی ئەیلوولەوە .

**سەرکۆ**: بەس نییە، ماندوو نەبوویت؟ **حەمەدەمین**: لۆ ئەوەندەی دەپرسیت، دەتەویتن، قسەکانم تۆمارکەی، من تەنیا بروام بەتۆ هەبوو، کەچی تۆش ئاوا ؟

**سەرکۆ**: نە بەسەری خۆم، من چۆن کاری وا دەکەم. جا چییە، خۆتۆ درۆ ناکەیت ؟

**حەمەدەمین**: نەخیر، لۆ ئەوەم نییە. ئەمن دەزانم گەر ئەم قسانە بکەویتە دەمی ئەو هەتیوانەی ئیتر یەکجار سواری ملم دەبن.

**سەرکۆ**: وەڵامت نەدامەوە، وەرس نەبووی لەم بەزمە ؟

**حەمەدەمین**: بیزاریش بووبم چ بکەم، مەگەر کەس هەیە من بگریتە خۆی؟

**سەرکۆ**: باشە مام حەمەدەمین، کە تۆ لە پیشمەرگە کۆنەکانی ئەیلوولی، چۆن نەکراویتە لیپرسراو؟

**حەمەدەمین**: ئەتۆ بەخۆت گەمژەی یان خۆت لەگیلی دەدەی ؟

**سەرکۆ**: بۆ شتیکی خراپم وت ؟

**حەمەدەمین**: ئەی چی مەگەر بەخۆت نازانی ئیمەومانا نابینە چت !

**سەرکۆ**: بۆچ نارۆی بۆخۆت لەئوردوگایەکی پالی لیدەیتەوە ؟

**حەمەدەمین**: ئۆردووگاش هەر وەترە، هەرچۆنێ بیت بەمجۆرە مانگانەیك وەردەگرم، دوو هەزارو پینج سەد تومەن وەردەگرم. جاران دینارو ئەورۆکە تمەن، بەیانیش

**سەرکۆ**: جا بەشی سیگارەنت دەکات.

**حەمەدەمین**: جارجارەش سەرو پینج دینار لەو دەم رووتانەی دەستینم.

**سەرکۆ**: وەرە پیشێ شیوی بخۆ، مەبەستت لەدەمرووت کییە ؟

**حەمەدەمین**: ئەو خۆریانەی گارتەم پیدەکەن. ئم.. دەستەکانت خۆشبن، شیوەکی گەلەك بەتامە، ئەوە کو دروستی دەکەی ؟

**سەرکۆ**: تاکو من لیرەم، وەرە بخۆو کارت نەبی. بەس تۆ بیرەوەرییەکانی خۆتم بۆ باسکە. ئەرێ نەتوت، چۆن پارەیان لیدەستینی ؟

**حەمەدەمین:** یانی تۆ نازانی کو، قەشمەریم پیدەکەی، ها ؟

**سەرکۆ:** دوور لە تۆ، من وەها دەناسی مام حەمەدەمین، دیارە تۆش لەگەڵ من وەهایت ؟

**حەمەدەمین:** نا. نا، من مەبەستم ئەوە نەبوو، کو نازانی ! من بەخۆم ناوم حەمەدەمینەو خەلیفەشم پی دەلین. بەڵام ئیستاکە کەپیر بووم بوومەتە گارتەجاری ئاوام پیدەرین

**سەرکۆ:** بۆ سکاڵا نامەیەکیان لەسەر نانووسی، خۆت نەتوت لەنزیکەوە مامەی دەناسی؟

**حەمەدەمین:** کو نەم کردیە، ئەمن بەخۆم چوومە کن مامەی‌و پیم گوت " مامە ئەتۆ بەخۆت دەمناسی‌و بەخۆت دەزانی بەقەت تووکی ردین‌و پرچی ئەو هەرچی‌و پەرچیانە کەوشم درایە لۆ کوردی، لۆ ئەنگۆ نەنگە وا بە منیکی ساڵاچوو دەرین. حەشاکی ئەنگۆ، گەر جاش بوومایە، ئیستاکە خاوەنی قەسرۆکەکی دەبووم.

**سەرکۆ:** ئەوان چیان گوت ؟

**حەمەدەمین:** چ دەرین، گوتی" خەلیفە ئەوە ئەنگۆیان خۆش دەوێ‌و لەگەڵ ئەنگۆ حەز بەقسان دەکەن. ئەگەریش پیی سەخلەتی هەرکەسە پیی گوتی

پینج دیناری لێ بستینە !

**سەرکۆ:** تا زووە فریای خۆمان بکەوین، ئەگینا

(دەنگی لیپرسراو، قسەکەی لەزاری گیرایەوەو مام حەمەدەمین لە پاروونانی دەستی گیراوە)

**لیپرسراو:** ترە گوێ رووت، جانتا دەستی‌یەکەم لەبیر چووە، بۆم بینە خوارێ !

(مام حەمەدەمین رەنگی هەلبزرکاو لیوەکانی لەقینا سپی هەلگەران‌و دەستەکانی دەلەرزین. لەگەرانەوەدا رەش هەلەرابوو)

**سەرکۆ:** ئەزانم، هیندەی تۆ پیم سەخت بوو، ئەدی بۆ پینج دینارەکەت لەو نەسەند، چونکە ئەندامی سەرکردایەتییە ؟

**حەمەدەمین:** نا. نەخیر وەنییە، لۆمن فەرقی ناکات، ئەندامی بـــۆ ل٢٧

# تۆ یاخیبوونی وشە بووی‌و رچەی بیدەنگیت شکـــاند
# تۆ کاروانی دوورە ری بووی‌و تەلی درکاوی سنوورت پچراند

ئەوەی کۆپلەیـەك هۆنـراوەی ئەحمـەد شـاملووی خویندبیتـەوە، بـێ ئـەوەی سەرگوزشتەی ژیـانی بیسـتبێ دەزانـێ چـەندە نووکـی خامـەی بـە چـاوی ئەشـکەندە دەرانـدا رۆچووە، چـەندە پاژنـەی پۆڵاینـی وشـەی لەسـەر سـنگی مشـەخۆران قورسـایی نیشتووە.

ئەوەی خـەونی بـە دونیـای ئارەزووی شـاملووە بینیبـێ، دەزانـێ چـۆن هۆنـراوەی وی رچەی کۆن‌و ریسای خەوالووی تیکشکاندووە.

شاملوو هەستیکی بەرزی مرۆیـی بـوو، دەنگـی رەسـای سـەربەخۆیی بـوو، شـەپۆلی دەریای توورەیی‌و تەقینـەوەی بورکـانی نـەفرەتی دژی کۆیلـەتی بـوو. شـاملوو هۆنـەری خۆزگـەی نـاخی بەشمەینـەتان‌و چرینـەری بـانگی ئـازادی‌و ژینـەری دەنگـەژیی خەونەکانی بەرەبەیانی ژیان بوو.

شاملوو پەیامبەری وشە یاخی‌یەکانی شۆرشـی کۆتـایی هـەفتاکان بـوو. وی لـەپیناو ئازادی‌و ژیانـدا دەسـتی دایـە خامـەو لـەو پیناوەشـدا تەمـەنی خـۆی بردەسـەر، لـە هیـچ سات‌و سەردەمیکدا بۆ تەنیا جاریکیش پەشـیمانی‌و تـرس نـەیانتوانی کنـە بکەنـە نیـو دەروونی وی‌و تووشی دوولی بکەن.

شاملوو لەپیناو ناوو ناوبانگدا خامـەی لـە دەسـت نـەگرتبووو هیچکـات وشـەی وی نـەبووە دەنکـە تـەزبیحی دەسـتی ئاخووندەکـان تـا ویـردی پـێ بخوینـن، وشـەکانی وی مشتەکۆلەی چەوسـاوان بـوون بـۆ نیـو زاری ژارهـاویژی ئەژدیـهای هەزارسـەری سـەدە تاریکەکان، ئاوازی هونراوەی وی هیچکات سـەروەرانی نەهینایـە هەلەکەسـەما، هیـچ کات نـاخی بەشمەینـەتانی جـۆش نـەدا تـا لـە خانـەقای کۆیلـەتی‌دا حـاڵ بکـەن. وینـە هۆنراوەیی‌یـەکانی وی درکینـەری رازونیـازی دلدارانـی ژیـان بـوون، گـیرەرەوەی داستان‌و خەونی ئازادی ئینسان بوون. هیچکات هەلبەستی بە باڵای سەروەران‌و

بازرگانـانی ژیـاندا هەلنـەداو لـەهیچ سـاتو وەختیکـدا لـە وشـە پاسـەوانی زیندانـی دانەتاشیو ئاوازی ئازادی لەگەروودا نەتاساندو تابلۆی کۆیلەتی نەرازاندەوە.

تا لـەژیاندا بوو، هـەبوون کـە دەیانویسـت پـەنجـەکانی ببرنـەوە، زمـانی وشـەی بـبرن. بـەلیّ کـەم نـەبوون بازرگانـانی وشـە کـە لەسـەر خـەونـەکانی مرۆڤایـەتی سـەرکۆنەیان دەکـرد، هــەر چــۆن کــەم نــین ئەورۆکــە ئەوانــەی دەیانــەویت روخســاری بشــیوینن، ناسنامەی درۆینەی بۆ دەربینن. ئەوانەی کە لەدەست وشە سەرکەشەکانی وەرس بـوو بـوون، ئەوانـەی کـە لەگـەلّ خـەوزرانی سـەروەراندا خـەمی بـیّ کریـاری بالۆرەکانیـان دەبـووە مۆتەکـەی سـەر دلیـانو خۆزگـەیاند بـە مـەرگی دەخواسـت، وا ئـەو رۆکـە بـۆ دژایـەتیو کویرکردنـەوەی ریـرەوی کاروانەکـەی شـیوەنو وا وەیلایانـە، لەگشـت لایەکـەوە وەك چەقـەلّ لـوورە لـوور بـۆ یـەکتری دەسـیننەوە. هـەر یەکـە بـە جۆریـكو لەژیرپەردەیەکدا دەیانـەوی بـە تەروتووشـی فرمیسـکە تیمسـاحییەکانیان پەیکـەرەی بەرزی لە بالاخانەی مرۆڤایەتیدا ژەنگاوی بکەن.

شاملوو هـەر لـە سـەرەتاوە هەسـتی بـە دوو دونیـاو دوو جـۆر مـرۆڤ کـرد، دونیـای سـەروەرانو دونیـای ژیردەسـتان، مـرۆی چەوسـینەرو مـرۆی چەوسـاوە، هـەر بۆیـە نەیتوانیوشەی لە مەنگەنەی کیشوسەروا بداو خەونە بزیوەکان پەلوپۆکات. هەرزوو پەی بەوە برد کە دەبیّ سنوورەکان ببریّو پەنجە زەردوسوورو رەشوسپییەکان لیك هەلپیکیّ تا وشە سەرکەشەکان بەدەم ئاوازی ژیانەوە رەشبەلەکی سەرکەوتن بگیرن.

شاملـوو بۆخـۆی نەنووسـی بۆیـە نـەبووە پاسـەوانی سـەر سـنوورە درکاوییـەکانو بۆیە هیچکات لەژیر نیوی پاراستنی بەرژەوەندی نیشتمانیو میللیدا بەشمەینـەتانی بۆ ملکـەچکردن بانگـەواز نـەکرد، تـاجی گولینـی هونـراوەی لەسـەری هیـچ سـەروەریك دانــەنا. هیچکــات لــە وشــە ســروودی ســەرکەوتنی ســەروەرانی لــە کوشــتویری چەوساواندا نەهۆنیەوە.

شاملوو زورنا ژەنی دەسەلاتدارانی رۆژ نەبوو، هۆنەری مرۆڤایەتی بووو لەو

پیناوەشدا بە هەموو توانا و بوونیەوە لە بەرامبەر نایەکسانی و کۆیلەتی جەنگا. وی هۆنەری برسی و رووتەلەکانی جیهان بوو.

شاملوو بازرگانی وشەو خاوەنی وتەی بێ کردە نەبوو، وی بە هەست و سۆزیکی هاوبەش و بێ سنوورەوە لە شادی بەشمەینەتانی جیهاندا ئاسمانی دلی سامال دەبوو، لە کارەسات و نالەباریشیاندا بە خامەو بەکردە هاوخەمی و هاودەردی مرۆڤەکانی دەکرد، ئیتر لە هەرگۆشەیەکی ئەم جیهانەدا بووایین؛

بروانن، لەکاتیکدا کە سەرکردەو پارتە ناسیونالیستە کوردەکان شانبەشانی رژیمی بۆرژوازییەکانی ناوچەکە راپەرینی ئازار دەکیشنە پای شکست و جەماوەری راپەریو تووشی کۆچرەویکی بێ وینە لەمیژوودا دەکەن، شاملوو کۆر دەگیرێ و داهاتەکەی بە ئاوارەکانی کۆرەوەکەی ١٩٩١ دەبەخشێ، لەکاتیکدا کە رژیمی ئاخوندەکان ئەفگانییەکان دەکاتە هۆکاری بیکاری، وی هاودەردی و هاوسۆزیان لەتەکدا دەردەبرێ.

شاملوو بە دریژایی تەمەنی نەك هەر تەنیا بەنووسین لەکۆرو خەباتی بەشمەینەتانی جیهاندا بەشداری کرد، بەلکو هاوکات چەندین بەرهەم و شاکاری لە زمانەکانیترەوە وەرگیراوەتە سەر زمانی فارسی و بەمجۆرەش دەنگە ئازادیخوازەکانی جیهانی بە چەوساوەکانی ئیران ئاشنا کردووەو بەم کارەش راستەوخۆ و ناراستەوخۆ بەشمەینەتانی کورد زمانیش لیی بەهرەمەند بوون.

ناوشاملوو لەژیانیدا خاوەنی چەندین بەرهەمی دیارو بەپیزە کە هەڤدە کۆمەلە هۆنراوەو نزیکەی هەفتا بەرهەمی جۆراو جۆرە لەوانە : (ققنوس در باران، دشنه در دیس ، هوای تازه ، از هوا و آینه ، مرثیه های خاک ، در جدال با خاموشی ، گزیده اشعار ، مجموعه آثار احمدی شاملو ، باغ آینه، نوار کاشفان فروتن شوکران، نوار چیدن سپیده دم، شعر مصور برای کودکان ، ورق گلا سر سبز ، دخترای ننه دریا ، شعر مصور برای کودکان پریا ، مردی که لب نداشت ، کتاب قطعنامه ، کتاب در آستانه ، کتاب ترانه های کوچک غربت ، کتاب مایح بی صله ، کتاب یک هفته با شاملو ، نوار مولوی ، نوار

فدریکو گارسیا لورکا، نوار نیما، نوار مسافر کوچولو، نوار سکوت سرشار از ناگفتەها، نوار سیا همچون ، ..) شاملو زۆرجار لەسەر هەلویست وەرگرتن و داکۆکی لە مرۆڤایەتی لەلایەن رژیمی پاشایەتی و ئیسلامییەوە تووشی دەردی سەری هاتووە، بەلام نە باری ژیان و نە گرفتاری نەخۆشی نەیانتوانیوە لە ریرەوی شۆرشگیرانە بیگیرنە دواوە و هەلویستی بگۆرن، تا لە٢٠٠٠/٧/٢٣ بە هۆی گرفتاری نەخۆشییەوە مالئاوایی لە چەوساوانی جیهان کرد. لیرەدا ویرای هاودەردی و سەرەخۆ ـ شی هاورییانەمان لە بنەمالەی شاملوو و ئایدای هاوسەری، سەرەخۆ ـ شی لەخۆمان و گشت هۆگرانی ریچکە شۆرشگیرانە و مرۆڤ پەروەرانە –کەی شاملوو دەکەین، دلسۆزی و وەفاداریمان بەرامبەر بەو پیشەوا شیلگیرە، تەنیا دەتوانریت لەریگەی دریژەدان و گەشەدان بە ریبازە مرۆییەکەی شاملووە دەربرین.

<u>**پاشماوەی میدالی کوردایەتی**</u> سەرکردایەتی و ئەندامی بنکردایەتی.. ئەدی کو تێ نەگەیشتی، وەکی گوتی " ئەوە دە دینار لۆ دوو جاران پیشەکی" بەوحیسابەی ئەمن هیشتاکە جارەك قەرزاری ویمە !!

<u>**پاشماوەی ترۆتسکی لە دوورخراوگە**</u> لەپیناو مافەکانماندا مە ئامادەی شەرین.

وامەکەن کار بکیشیتە ئەو رادەیە. **(لینین و ترۆتسکی هەلپە دەکەن)**

**ترۆتسکی** :

گەر هاوریێ هەلخەلەتاوەکانمان دەستبەجی بە ئاگا نەیینەوەو، دەستبەجێ، بەبێ بەندومەرج خۆ بەدەستەوە نەدەن، چاوەروانی سۆزو بەزەیی لە کۆماری سۆڤیەتی نەکەن. بەهیز یاخیبوونەکە سەرکوت دەکەین.

( چەند سات بیدەنگی. نوینەرەکان و بەشداربووانی کۆبونەوەکە دەچنە دەرەوە، ترۆتسکی بەتەنیا دەمینیتەوە، دەنگی تەقە لەدەرەوە دەبیستریت )

# " دوایین شیعری شاملوو"

بەرە، پیری جیهان کە چاوم هەلینا
خۆشی کەوتە گیانمەوە
دنیام لیوریژ کرد لە قاقا:
" - منم من، ئا!!
دوایین مۆجزات
لەسەر ئەم گەرۆکە بچووکەی ئاو و گیا! "
ئەوساکە لە جیهاندا ژیام
هیندەم سەیر دیت، داچلەکام،
میراتگری گەمژەیی باوەڕپی نەکراو بوون
کە بە گوی و بەچاو

دەم بیست، دەمدی!

کە روانیمە دەورو پشتم
لەبی متمانەیی گریان لە گەرووما تاسا:
بروانە چەند بە رقەوە، خەنجەری لی هەلکیشاوم
ئەوەی کەباوەری بی ریام پی بوو.
ئیستاش کە کۆشکی مۆجزاتان جی دیلم
بیجگە لە ئاخیکی گران.. چیم لەگەلە:
تەوریکی لەخوین هەلکشاو
لەسەر سەکۆی باوەری بی متمانە و
چۆراوگەی خوین
کە لە بەرزایی یەقینەوە
رادەخۆشی

*ئەم هۆنراوە لەژمارە (٤)ی گۆڤاری ئاینده وەرگیراوە.

# منالانی نیو قوولکەکان

## شیعری: شاملوو

**وەرگیرانی : ناسری حیسامی**

لە شاری بی خیابان دا گەورە دەبن

لە رایەلەی لاکۆلآن وکوچەی تەنگی بەر بەستراودا

ئاویتەی دووکەلی کورە و قاچاخچییەتی و نەردەبرین،

چەند دەسکەللا لەگیرفاندا و قوچەقانی بەدەستەوە

مندالآنی بی ناونیشان

مندالآنی نیو قولکەکان

لیتەجاری چارە نوسی بی بەرەیی لە پیشیان و

جنیوی باوکانی ماندوو لە دوایانە

نەفرینی دایکانی وەرەز لە گوییانداو

هیچ لە هیوا و لە سبەینی لە مستیاندا.

منداڵانی بێ ناونیشان

منداڵانی نێو قوڵکەکان

بە جەنگەڵی بێ بەهارەوە دەپشکوین

بەچڵی داری بێ ڕەگەوە بەر دەگرن

منداڵانی بێ ناونیشان

منداڵانی نێو قوڵکەکان

پڕ بە گەرووی خویناوییان دەچریکێنن و

ئەوکاتەی کە دەشکێینەوە

ئاڵایەکی بەڕن بەرزیان بەدەستەوە

کاوەکانی نێو قوڵکەکان

کاوە ئاڵا هەڵگرەکان

* لە بەشی ئەدەبی ماڵپەڕی حزبی کۆمۆنیستی ئیران وەگیراوە.

# " هەڵنووتان "

(١) عەبدوڵڵا موحەمەد

لە زستانە وەرزێکا بوو،

هەموو بە یەک دەنگ هاتین و

خۆمان دایە بەر تنۆکەی

بارانیکی رەنگ " هەناری "

تا پاییزی دوێنی‌مان بۆ بشواتەوە ،

نەمانزانی

پەلە هەوری ئەم بارانە

هەر رۆژە ئاوی جۆگەیەک ..

دەخواتەوە .. .

٢٠٠٠/٤/١٧

(٢)

لەژێر سیبەرە بێ شێکەی
هەوارە سادەکەی تۆ
بارگەو بنەی خۆم دادەنێم
چاك ئەزانم
هەوارگەی تۆ
هەرچی سنوورە ، نایناسی و
بێ سانسۆرە
بۆیە لەم مالی عەشقەدا
پڕ بە گەرووم
سروودی یەکسانی ی،
دەچڕم.

٢٠٠٠/٤/١٧

# هەوال

دەلین ئیستا ئەو کەسانەی
سۆشیالیزم لەدوورەوە بەرووبیانا پیدەکەنی
شۆرش چرای ریگەیانەو
سەرکەوتن دی لەبیریانا رەگی گومان هەلدەکەنی
ئەوکەسانەی دام و دەزگای بزوتنەوەی (( کلکایەتی ))
وەک پیلانی لەمیژینەی (( تالەبانی )) دەروخینن
تەفرەقەمان لەمەیدانی یەککگرتنمان دەسوتینن
ئەوکەسانەی (( ئۆکتۆبەر )) یان لەسنگیانا هەلگرتووە
ئالای حیزبی ئینسان کوژیان بۆ ژیرپییان داگرتووە
کۆچەریین و مالەکانیان
لەبەر گورگی (( ئاسایش )) ی
(( قوم )) و (( تاران )) ، لەکوردستان نهینییە
کۆچەریین و بیشەی چری ئومیدیشیان پرلە گولی مزگینییە
**** **** ****

دەلین ئیستا ئەو ئینسانە
سیما نان و دەست هەتاو و سەودا سەرو بیباکانە
مانەوەیان ، بۆسەرانی نۆکەرانی ئاخوندەکان
هەر ژەقنەیەو هەر برینەو هەر زوخاوی پر لە ژانە
ئەو ئینسانە چاو لە ئاسۆ گیربووانەی
بۆ جیهانی کۆمۆنیزم ، ناخیان پرە لە متمانە

مانەوەیان ، بۆ ئەوبیرە گەنیوانەی
بزوتنەوەی (( هینانەوەی
چاخی کۆنی بەردایەتی )) ، پەتایەکی بیدەرمانە
ئەو ئینسانە سامال گر و خاوەن ووتە گزنگانە
مانەوەیان ، بۆ (( یەکیتی سیخورانی نیودەولەتان ))
لابردنی ئاسەواری سات و سەودای (( تالەبانی )) و (( نەوشیروان )) ە

***** **** *****

دەلین ئیستا کۆنە بەعسی ناو (( ئاسایش ))
بەخەنجەری بەرپشتینی (( شیخ )) یانەوە
هەموو رۆژیک دەکەوونە شوین هەتاوی سوور
هەموو رۆژیک هەلمەت دەبەن
بۆ ئەوانەی بەدلیانا مەشخەل دەبات ، هاوری (( شاپوور ))
بەفەقیانەی (( شیخی نەهریی )) ئەوکەسانە دەخنکینن
کوردایەتی وەکو دین و
دینیش وەکو تەپ و تۆزی تیوە ئالاو لەخۆیانی دەتەکینن
بەفیشەکی (( ماوزەر )) ە کەی
(( سمایل خان )) ، ئەو کەسانە دەنینەوە بەنیشانە
چاویان جیگای بروسکەیەو
زاریان پرە لەیاقوت و سەریان هەموو چراخانە

*** *** ***

بژار –کەنەدا ٢٠٠٠/٩/٣

# سیمای وون بوو

خالید بایەزیدی (دلیر)
کەنەدا

نیوە شەو بوو
مانگ بە تاقی ئاسمانەوە
هەلپروکابوو
لاشەی ساردی ئەوینیکی بی ناونیشان
لەولای کە ئەستیرەیەک بەرۆکی خۆی دادەدری کەوتبوو
ئەویندارانی دلشکاوی شار هاتن بردیان
شەو بوو
نەیان ناشت...؟!؟!
رۆژیش هات
هەر نەیان ناشت...؟!؟!
پەیکەریکیان لیدروست کرد
لەچوار چرای شاریان دانا
پاش سەدان سال
رۆژیک بەووردی لیی خوردبوونەوە
دیتیان ئەوە سیمای وون بووی خۆیانە
کە ئیستا ئەیدۆزنەوە

*ئەم شیعرە پیشتر لە رادیوی هاواری کوردستان خویندراوەتەوە

# کچ بوون...!؟

خالید بایەزیدی (دلیر)

ڤانکوڤەر_ کەنەدا

لە چۆل و دەشتێکی قاقردا
من لە دایک بووم
هەر لەوکاتەوە
بە بیشکەی خەم و پەژارەوە
رایانژاندم
هەرچی بزەو پێکەنین بوو
لەبیشکەکەم دا
بە دەستە بچکۆلە و خنجیلانەکەم
ناشت...؟! ؟!
ئەو کات کەچاوە فرمیسکەکانم هەلینا
دایکم دیت...
کە ماتەم دای گرتبوو
و باوکیشم...
کە دەستەو ئەژنۆ دانیشتبوو
باوکم دەیووت:
ئاخر ئافرەت بۆو... ب...و...و...
کچ مان بۆ...؟! ؟!

مەهاباد-١٩٩٠

## بیداری‌شەوی‌یەلدا

هەژین

هەر لە بەربانی تا ئیوارە
بە نیو پەراوی یادەوەریما
دیم، دەچم، بەو هیوایەی
لە ئیوارە وەختیکا:
بەسەرهاتەکانم بۆ نەردەی دەمکەل
بگیرمەوە.
بەلام پیش خۆرئاوا بوون،
شەوەکانم دادرین
پیش قاقای کازیوەش،
ئارەزووەکانم کۆلانەو کۆلان
لە زبلدانەکانی نیشتمانا
تیر دەبن..
خۆزگەکانم لەژیر قامچی
هاوولاتیانا جوانەرگ دەبن.

ئاخر سالەهایە

خەونەکانم لەژێر

نالی ئەسپە دیزەکەی

ئەبا عوبەیدەدا

وردوخاش دەبن،

بەدەم گەردەلوولی بیابانەوە

روخساریان ون دەبێ.

رۆژم شەوە و شەو شەوە

دەست لەبینەقاقام دەنێ؛

هاوسێکەشم

لەگەڵ میرووڵان بەخەبەردێ و

لەگەڵ وانیشا دەنوێ،

کەچی هەرکات

من باسی مانگەشەوی بۆ دەکەم

وێ بەدەم باوێشکەوە

قوتووە بیرە قلپ دەکا؛
شەوانیش وەک ئامیرەکان دەگرمینی.
ئیتر نانووئم گەر سەراپای تەمەنیش بیتە شەو
ئەم ئیوارە پیش خۆرئاوا بوون
پیش ئەوەی سیبەری مەرگ
خۆی لە هەنگاوەکانم بئالینی
دەرۆم بۆ کەناری دەریا
تا بەدەم شەپۆلە کۆچەرەکانەوە
نامەکانی تەمەنم
بۆ کۆچەرەکانی باکور و باشوور
بۆ لانەوازانی رۆژهەلآت و رۆژئاوا
بەری کەم.
بریارم داوە
نەنووم ئەم شەوی یەلدایە
نەکا شەمشەمە کویرە

پرچی زێرینی کازیوە

بقرتێنن

نەکا ڕاوچیان

پێش ڕابوونی باڵدارەکان

لە سنگی چیادا، تۆڕ بچێنن

نەکا جەنراڵەکان کۆرپەلەکان

بۆ بەرەی جەنگ برفێنن

تا ئەم شەوی یەلدایە نانووم

لەتەک ئەستێرەکانا ڕێ ئەکەم

تا تیشکی خۆرەتاو

بێ ترس

لەسەرەتاتکێی هەواڵدزەکان

بێ سڵەمینەوە لە فتوای منارەکان

لە ئامێزی میهرەبانیا

لێوە تەزیوەکانی ژیان ماچ باران کەن ٢٠٠٠/٩/٧

# خەلکی ئەو ریگەیەن

## بــریـــار

ـ چۆن گیرا ؟

(پەلکی بەرەکەی لوول ئەداو ئەی کردەوە، بەدەم هەنسكو گریانەوە سەری بەسەر سنگ و بەرۆکیا شۆرکردبۆوە، بەدەم هەلکیشانی هەناسەی ئاگرینەوە ووتی)

ـ نازانم بە قوربانت بم. ئەو بەیانیە، بەناخیری گیانم چووم بۆ بازار، ئەم کچەش لە مالوە بوو "دەستی بۆ کچەکەی دریژ کرد" (کچەکەی تازە پی ئەگەیشت، بەرامبەرمان دانیشتبوو، چاوە خەماوییەکانی لە دوو ئەژنۆی رامابوون، سەری بەرزکردەوەو تەنها بەجولاندنی دەمو چاوە خەمبار و وردیلانەکەی وەلامی دایەوە، کەوایە).

لەو سەر کە هاتمەوە، هەر وەك شتی بلی‌ی دلم لەسەر خۆی نەبوو، لەخۆمەوە دەترسام، گەیشتمە ئەم دیوو سەر قەبرانو عەبەی عەرەبانچیم بینی، هەر بەیەك گەیشتین‌و عەرەبانەکەی وەستان، یەکسەر دلم داخورپی. دەموچاوی عەبە ئاگر دەکردەوە پیش ئەوەی زمان هەل بینی، زانیم بەلایەك خولقاوە عەبە بەسەرما قیرانی‌و ووتی:

ـ ئەوە لەکوی بووی؟

نەی هیلا وەلام بدەمەوە ووتی:

– دەك بەرانی شکاو بییتەوە، خوا نەت هینیتەوە، دەبرۆرەوە ، ئیتر دلم کەوتە تەپە تەپ‌و داکەوتن، عەبە هیچی‌تر قسەی نەکردو دەنگی لە ئەسپەکەی کردو رۆشت. لەشوینی خۆم چەقیم‌و جولەم لیبرا ووتم "مالی نەویرانم، ئەبی چی بووبی کچەکەم نەسووتابی. کورەکانم شتیکیان لی‌بەسەر نەهاتبی."

تینم دایە خۆم‌و هاتم بەریوە، ئەوەندەم زانی لووتم تەقی بەلووتی خاتە شەلەوە ئەویش هەروەك عەبە دەموچاوی تیکچوو بوو و ووتی:

ـ ئامە، دایکەکەم ئەوە تۆ لەکوی‌ی دەبرۆرەوە بەلای مال و حالەکەتانەوە.

خاتە دەستی کرد بەگریان‌و لیم تی‌پەری. ئەوجا ئیتر هیچ هیزم تیا نەما،

بەتەواوی چوار پەلم شکا. گویم لەتەپەی دلم بوو ووتم: چیبووە خاتە چیمان لیقەوماوە برارۆ حەوت باوکم رۆ مالمان سووتاوە کورم کوژراوە کچم سووتاوە چیبووە؟

خاتە شەل رۆیی و نەوەستا.

"دایکە سەری هەلبری و بەچمکی سەر پۆشەکەی فرمیسکی چاوی سری، چاوەکانی سوور هەلگەرابوون"

ئیتر هەر لەویدا بەرد گیانی تیابوو، من گیانم تیا نەما بوو، خەیال و بیروهۆشم هەر بۆ جەمال نەدەچوو ووتم: یا کچەکە غازو شت پیا تەقیووە و سووتاوە یان ئەکرەم شتیکی بەسەرهاتووە، ووتم ئەکرەم لەوانەیە دوای من هاتبیتەوەو ئەخباریان کردبی، بەخوا ئەکرەم لەو شەوەوە کە بۆی هاتن و بەرچنگیان نەکەوت ئەوا خۆ سالیکە هەمووی دوو شەو بەدزییەوە هاتۆتەوە. دوو سەعات لامان دانیشتوو دوای رۆیشتۆتەوە، بەخوا کەس جیگەو شوینی نازانی خوا بۆم بهیلی، وەك سەگی هار بەدوای ئەویشا ئەگەرین هەر نەیەتەوە ناو شار باشە "رابکە هەناسەیەکی هەلکیشاو ووتی": بەقوربانت بم هەرچۆنی بوو تینم دایە خۆم و بەدلە کوتی و برا رۆهاتم، ئیتر هەر ژن و پیاو بوو لەو ریگەیە سەیریان ئەکردم و ئەیان ووت:

ـ ئەم ژنە ئەبی چی بەسەرا قەوما بی؟!

هەرچەند هەنگاوم ئەنا نە ئەگەیشتمەوە مالەوە، خەیالم بۆ زۆر شت ئەچوو نازانم ئەو بەیانییە بەناخیری گیانم من بۆ چووم بۆ بازار.

" تا ئەو دەمە هەر نەهاتبووە دوو، هەر گویم لەناخەوە بۆ قسەکانی راگرتبوو. چاوی پر لە فرمیسك و دەروونی پر لەگریان و ئازاری، هۆش وهەستی منیشی بەرەو لای ئەو خەم و ئازارە راکیشابوو و ووتم":

جا ئەگەر لەمالیشەوە بوویتایەبەرامبەر بەو سەگانە چیت بۆ دەکرا ؟

(باری دانیشتنەکەی گۆری و بە، هەردوو لەپی دەستی فرمیسکی

هەردوو چاوە سوورەوە بووەکانی سرییەوەو ووتی)
- هەرچۆن بوایە نەم دەهیلاّ بیبەن، دەمشاردەوە، دەرم دەکرد ئەو دایکەت کویربێ.
ئاخۆ چۆن پەلکیش یان کردبێ و بردبیان (دایکە دەستی بە گریان کرد. گریانیك وەك لاوانەوە، بەو گریانەو لاوانەوە ووتی)
ـ ئاخۆ ئیستا چییان لیکردبێ. باوکە گیان من بۆ بژیم ئاخ جەمال گیان
( هەندێ قسەم کرد وەك دلخۆشی دانەوەی و راگرتنی گریانی، دایکە کەمیك هیواش بووەوە. بەسەر پۆشەکەی چاوەکانی سرییەوە بەبێ ئارامییەوە ووتی)
- چیبکەم خۆ لەمال نەبووم هەر ئەو کچەم لەمال بوو، ئەو تولفەش چی بۆ ئەکری.
( کچە هەناسەیەکی هەلکیشاو وەك بەسەر قسەی خۆی بزانی و وەلاّمی دایکیشی بێ، رووداوەکەش بەتەواوی روون بکاتەوە. بەشەرمیکەوە، کەمیکیش دەم و چاوی سوور هەلگەراو ووتی)
ـ سیارەیەکی پیکاب بوو سەری بەتال بوو، هەموویان لەدواوە دانیشتبوون من لەسەربان بووم خەریکی جل هەلخستن بووم، سیارەکە ریك رووی کردە مالی ئیمە، لەپیش سەیارەکەوە جل مەدەنییەکی تیابوو، ریك پەنجەی بۆ مالی ئیمە راکیشت، ئیتر من یەکسەر دلم داخورپا. سەیارەکە وەستا چیتیابوو وەك هار خۆیان هەلدایە خوارەوە، بەوناوەدا بلاّبوونەوە منیش یەکسەر رامکردە خوارەوە ئەوەندەم زانی سیانیان وەك گورگ خۆیان کرد بە حەوشەکا. جەمال لەژوورەوە بوو خەریك بوو خۆی ئەگۆری. کە گویی لە دەنگی زەلامەکان بوو هاتە ناو دەرگاکە. یەکسەر ئەو پیاوە فەلەوەیان بانگی لیکرد، بە عەرەبی لیی تورە بوو داوای هەویەی لیکرد، جەمالیش هەویەکەی دانی. کابرا تۆزیك لیی وردبووەوەو سەریکی راوەشاند، بانگی لە زەلامەکان کرد.
خیرا دووان هاتن و یەکی بالیکی جەمالیان گرت و بردیان، جەمالیان خستە ناو سەیارەکەوە. ئیتر یەکسەر هاتن بۆ ناو ژوورەکان، کون و کەلەبەری ژوورەکان هەمووی

گەران. ناو دۆلاب و کەنتۆرو جلەکان هەمووی گەران. ناو قاپ و قاچاخەکانیش گەران، دارو بەردیان دا بەیەکدا. شووشەی کەنتۆرەکەیان شکاند هەرچی جل هەبوو هەموویان بلاوکردەوە. دوانی کەشیان لەم ژووری کتیبخانەیەدا بوون ( دەستی بۆ لای کتیبخانەکە دریژکرد). " کتیبخانەکە رەنگی ساردیو بێ لاوازی پیوەی دیاربوو، سەردەمیك بوو خانەکانی لیفاولیف کرابوون و کتیبی بەسەنگ و بەهای تیا ئەبینرا، رەنگ و بۆی تەرو پاکژیان لە روو دەتکا. بۆن و هالاوی هەناسەی وشەی دەم بەخەندەو تریفەدار دەهات. وشەیەك بوون کە مانای راستەقینەی ژیان نیشان ئەداو پیش لەشکری گەورەی ئازادی دەکەوت و گرکانیك بوو لەناو تاریکستاندا."

کتیبەکانیان گشت دەرهیناو بلاویان کردنەوە، پەر پەرە لە ناوەخنی کتیبەکان ورد دەبوونەوە، هەر قسەیان دەکرو بۆلەیان دەهات، یەکیکی‌تر خۆی کرد بە حەوشەکەدا، رەنگ گەنم رەنگیك بوو، بە پەلە بەرەو ژوورەکە هات هەندیك قسەی کردوو ئەوان سەیریان کرد، یەکیکیان قسەی کرد، زیاتر کەوتنە پەلە، ئەوجا گەنم رەنگەکە هاتە بەردەم ژوورەکەو رووی لەحەوشەکە بوو، بەکوردی قسەی کرد:

ـ بەخورای پەنجەی بۆ رانەکیشراوە، کتیبی قۆر قۆر، شتی حیز حیز پر مالەکەیانە ها .. ئم. قور بەسەرتان..

رووی بەلایانەوە کردەوە، بە عەرەبی دوو سێ قسەی‌تری کردەوەو چووە حەوشەکە. سەریکی بەملاو ئەولای خۆیدا باداو ئاوری لە من دایەوە کە لەبەردەم ئەم ژوورەدا وەستا بووم. دوو چاوی گالتەی تیرواندم و هیچ قسەی نەکرد، پشتی لیوەرچەرخاندم.

کە جەمالیان گرت و بردیان خستیانە ناو سەیارەکەوە، من بەدوایدا رۆیشتم دوان خستیانە نیوان خۆیانەوەو چاویان بەستەوە. من دەستم بە گریان کرد جەمال گویی لەدەنگم بوو، هاواری لیکردم و وتی:

ـ گولە گیان مەگری برۆ ژوورەوە بزانە چی ئەکەن.

" گولزار بوو پییان دەوت گولە. زۆریان خۆش دەویست و تاقە کچ بوو

لەمالآ. گولە شانزە بەهاری لەتەمەن بەرێ کردبوو باش هەلیدابوو. دایکی زۆرجار لەبەرامبەر کاریکدا کە گولە دەیکرد دەیووت بە قوربانی ئەو بالآیەت بم بالآت تاك دەبێ. قژخاو گیان. دەموچاو سپی و وردیلە گیان."

ئیتر من یەکسەر هاتمە ژوورەوەو بچوونایەتە هەر کوی‌یەك ئاگام لی‌یان بوو، کابرا هاواری لی کردم:

ـ هیی کچی. تۆ کچی ئەم مالەی؟

منیش ووتم: بەلی.

ووتی: ئەی کوا براکەی ترت. باوکت، دایکت لەکوین...؟

منیش ووتم: دایکم لەبازارە ئەوانیش لەئیشن.

سەیری کردمو سەری بادا. گالتەی بەقسەکانم هاتو ووتی:

ـ ئەی زۆلی حەرام زادە، تۆشیان فیری قسەو فروفیل کردووە، لەکام ئیش...ها.. ئاژاوە نانەوە... پیاو کوشتن. دزی و حیزی.

سەری لەقاندو پیکەنی و ووتی:

ـ بەخوا ئیشی چاکن.

ئیتر ئەویان رۆیشتە دەرەوە. سەیری ئەوانەم کردەوە کە بەکتیبخانەکەوە خەریك بوون، زۆر لەکتیبەکانیان لەملاوەخر کردبوو.

ووتم چاكو خراپیان بردووە ... نازانم بەس زۆریان برد، یەکیکیان دەرگای چەکمەجەکەی کردەوە، ئەلبومو وینەکانی دەرهینا، روویکردە هاوەلەکانی و دووسی قسەی کرد. ئەوانیش سەریان بۆ بەرزکردەوەو وەلآمیان دایەوە. ئیتر ئەلبومەکەی داخستو خستیە سەر کۆمەلە کتیبە جیاکراوەکە... لەپر یەکی بەدەنگی بەرز لەدەرگای حەوشەوە هاواری لی‌هەردوو لەپی دەستی فرمیسکی کردن. ئەوانیش بە خیرایی هەلسانو یەك دووقسەیان کرد و باوەشیاندا لە کۆمەلە کتیبەکەو ئەوەی جیایان کردبووەوە، هەموویان برد. منیش بەدوایاندا رۆیشتم کتیبەکانیان گشت

خستە ناو ئۆتۆمبیلەکەوە. چاوم بە جەمال کەوتەوە، خۆم پێ نەگیراو دەستم بەگریان کردەوە. جەمال ئەمجارەش گوێی لەدەنگم بووەوە هاواری لێ کردم.

ـ گولە بۆ ئەگری مەگری چاوەکەم.

ـ زەلامەکەی تەنیشتی لیی تورە بوو، نەمزانی چی ووت.. منیش خیرا ووتم:

ـ جەمال ئەلبوومو کتیبەکانیان برد.

جەمال سەری هەلبڕیو ویستی قسە بکات، بەلاّم پیاوەکە لە من تورە بوو، بەدەست ئیشارەتی کردم کە برۆم.

کابرای پیش سەیارەکە هاواری لێهەستاو دەستی راوەشاند بۆ ئەوانەی کەهەر یەکەیان لەسووچی خانوویەك وەستابوون، ئیتر هەموویان یەکجار لەسیارەکە گردبوونەوەو سواربوونو بەخیرایی بۆی دەرچوون.

ئیتر من بۆ خۆم تەواو دەستم بەگریان کرد، خەلکی گەرەکیش سەرتاپا کە تا ئەوکاتە بەدزییەوە لەکونو کەلەبەری دەرگاو پەنجەرەکانیانەوە سەیریان دەکرد هەموو هاتنە دەرەوەو هاتن بۆ لای من.

( دایکە سەری نابووە کۆشیو بە نەرمییەك دەگریا، کچەش بێدەنگ بوو، لەگەل بێدەنگی بێدەنگیەکەیا دووسی فرمیسكو هەناسەیەکی گەرمی لێ بەدەرکەوت، منیش بێدەنگ بووم. دایکە لەبی دەنگی هەردووکمان سەری هەلبڕیو بەچمکی سەرپۆشەکەی هەردوو چاوە پر لەفرمیسکە ئاگرینەکانی سرییو هاتەوە دوو)

ـ بەقوربانت بم. هەردوای ئەوەی خاتە شەل لیم ترازا مردووی سەر قبران گیانی تیا مابوو من تیاما نەمابوو، هەروەك شیتوهار نەم دەزانی چۆن دەرۆیشتم بەریوە، کاتی گەیشتمە سەر ئەم کۆلاّنەو دەرگای خۆمانم لیوەدەرکەوت. خورپەیەکی تیژ دای لە دلم، زۆری نەمابوو تەخت لێی بکەومو گیانم دەرچی. خۆزگە هەر ئەو دەقەیە گیانم دەرئەچوو. بینیم بەردەرگاکەمان یەکیکیتر ناگری. قیژاندمو هاوارم کرد:

ـ بۆ خاتری خوا چیبووە؟ کچەکەم سووتاوە.. کورەکانم

ئیتر هەریەك قسەیەکیان دەکردو پیان نەووتم، کچەکەم دی چاوی پر لە فرمیسك بوو دەگریا. یام بەسەری خۆماو ووتم ئەی باوکە رۆ کورەکانم بەخوا، هاوارم کرد بەسەر گولاو ووتم چیبووە؟

گۆلەش بەقولپی گریانەوە ووتی: جەمالیان گرتو بردیان.

( دایکە قورگی پربوو لەگریانو چاوی بە خور فرمیسکیان لیدەتکا، هەردوودەستی بەسەرییەوە گرتبوو...)

هەرکە ووتی جەمالیان برد ئیتر نەم زانی چۆن گیانم دەرنەچوو ئەو خوایە نەی بردمەوە، لەسەر ئەو هەیوانە لیی کەوتم گەرەك هەمووی بەسەرما داباریین.

( دایکە باری دانیشتنەکەی ئەمجارەش گۆرییەوە، هەناسەیەکی پر لە ئازاری هەلکیشاو بەقوروویەکی تاساو گریانەوە ووتی)

ـ بەخوا ئیتر نازانم ئەوە چل شەوە گیراوەو لەهیچ لایەکەوە دەنگی نییە.

" هەستم دەکرد ئازاری چەند سەختە بەباشم زانی دلخۆشی بدەمەوە."

ووتم: دایە گیان خەم مەخۆ. باوەرت بی هەر بەری ئەدەن زۆر کەس گیرانو بەربوون. ئەوە فلانو فلان... ... .

" لەدلی خۆما دەم ووت ئەم سیستەمە رەشە تایەکی بەر ئەدات. سەد ئەکوژی. بەلام چارم نەبوو هەر دەبوایا پەنا بۆ ئەو جۆرە قسانە ببەم."

(دایکە سەیریکی وەك تکاو پارانەوەبی کردمو ووتی)

ـ توخوا رۆلە تۆ هاوری‌ی دوو کورەکەی پیم بلی. بلی‌ی بەری بدەن؟ ( دایکە هۆی گرتنی کورەکەی دەزانی. بەلام ئەوەی لامەبەست بوو بزانی باجی سزای کارەکەی چەندە.)

" دیسان هەر بۆ دلخۆشی دانەوەی ووتم : بروات بی بەری ئەدەن، قابیلە چی کردووە تابەری نەدەن. هاکا خۆی کرد بەمالا."

ـ بە قوربان دەمت بم.. بەلام بەخوا دەترسم سەرەنگۆمی بکەنو دەنگی

نەبی. ( هەر بەم خەمو ئازارەوە، سەیریکی کچەکەی کردو سەیری منی کردەوەو ووتی)

ــ نازانم ئەم کتیبانە چی جۆرە کتیبیکن بردوویانن؟ ئەترسم کتیبی خراپ بووبن، ئیتر بەجاری قورەکەی بۆ خەست بکەنەوە.

( کچەکەش بەدوایدا ووتی)

ــ ئەلبوومەکەش پربوو لەوینە.

" هەر بۆ ئەوەی کپیان بکەمەوەو دلخۆشیان بدەمەوە ووتم: کتیبەکان، خۆم ئەو جارە سەیرم کردن، کتیبی بەگومانیان تیا نەبوو، ئی ئەلبوومەکەش هەمووی وابزانم وینەی ئاساییيە."

( کچەکەش وەك راستی قسەکەی من بە دایکی بلی‌و هەم دلخۆشی‌کەریش بی رووی لەدایکی کردوو ووتی)

ــ ئەی نەبوو هەلبژاردەی کرد لە رەسمەکان هەموویانی شاردەوە، ئەو رۆژەش خۆ باسمان کرد.

( دایکە کەمیك سەری بەرزکردەوە، وەك بیربکاتەوە لەساغ کردنەوەی قسەی کچەکەی. تەزوویەکی خۆشی لەدەروونی‌یەوە هەلکیشا. ئەو رۆژەی دیسانەوە هاتەوە یاد، کە جەمال ئەو وینانەی کەلی بەشك بوو بە نایلۆنیکەوەپیچاو شاردییەوە. تەزووی خۆشیەکەی پانتر بوو، رۆژیکی تریشی بیرکەوتەوە کە جەمال کۆمەلە کتیبیکی لە کتیبخانەکە دەرهینا و شاردیەوە. لەپر تەزوویەکی ئازار کەمیك ئازاری دایکەکەی‌دا، کتوپر رووی لە گولە کردوو ووتی)

ــ هەر کتیبخانەکە گەران لە شوینی‌تر هیچی تریان نەدۆزیەوە ؟

گولە ووتی: نە، دایە گیان ئەی پیم نەووتیت بەس کتیبو وینەکانی کتیبخانەکەیان برد.

( دایکە توند سەرپۆشەکەی لەسەرو ملیەوە ئالاندەوە، بە پەرۆشەوە ووتی)

ــ خوا بکام کتیب خراپیان نەبرد بی قەی ناکا.

( بەدوایدا هەناسەیەکی قوولی هەلکیشا کە خەمو ئازار بە تەواوی لەدەمو چاویا خۆی نیشان ئەدا، لەبەر خۆیەوە ووتی)

ــ باوەر ناکەم بەخوا خراپیشیان دۆزیوەتەوە، ئەی بۆچی بردیان ؟.

( دایکە مەبەستی لە کتیبی خراپ ئەوانەن کەدوژمنان بەخراپیان دائەنین حاکمان ئەو کتیبانە نەفرەت دەکەن. چونکە ئەو کتیبانەش نەفرەت لەگشت ریبازو دەسەلاتیکیان دەکەن‌و داوای بنبر کردنیان دەکەن. حاکمەکان ووشەی ناو ئەو کتیبانە زنۆقی بردوون‌و بۆیە بەو پەری رق‌وقینەوە هەلوەدای کۆتکردنی ووشەکانن.

( دایکە تیی روانیم، بەتی روانینەکەی لەو خەیالەی پچراندم. ووتی)

ـ هەوالیکی ئەکرەمت نەبیستووە ؟

دەمیکە دەنگی نی‌یە.

ووتم: بەلی ئەوە ئیستا نامەی ئەوم بۆ هیناون، شوکور زۆر باشە.

(دایکە خۆشییەك بەدەروونیا هات‌و چاوەکانی کەمیك رۆشناییان تیکەوت بەسەر سوورمانەوە ووتی)

ـ زانیویەتی بۆ جەمال.

ووتم : بەلی زووش زانیویەتی.

" نامەکەم دایە دەستی دایکە . لەمشت دەستە بچووکە دەمارداڕەکانیا شاردیی‌یەوە، توووند لەناو لەپی دەستی‌و پەنجەکانیا گووشی. پاشان نامەکەی ماچ کردو ووتی"

ــ بۆم بخوینەرەوە.

( نامەکە، بچووك کرابووەوە هیندەی ئاغزە جگەرەیەکیشی نەمابوو، توووندوتۆل بە تیپی ئاوی بەسترابوو، بەرەنگی شین پیتی ( ئا) نووسرابوو، زەحمەتیکیشم کیشا تا نامەکەم کردەوە. ئەوسا ئاوەلەم کردەوە کە بە چەند قەد بەسەر یەکا نووشتابۆوە. پاشان پەرەیەکی تەنك وەك سیغار دەرکەوت لەسەرەوە تۆزی بە گەورەتر

نووسـرابوو، دایکـی شـیرین‌و خۆشەویسـتم... "پاشـان وورتـر بووبوونـەوە" دەسـتە گـەرم‌و زبرەکانت مـاچ دەکـەم، بـەریزەوە لیت دەپرسـم. هەمیشـه وای لەخـەیالما و قـەت لەبیرت ناکەم. بەهیوام تەندروستیت زۆر باش بی‌و قەت ناساغ نەبی. ئـەو هاورییانـەش هەر وەك من لیت دەپرسن.

( دایکە بەدەنگیکی تاساوەوە ووتی)

ـ بە قوربانی خۆت‌و هاوریکانیشت بم.

دایە گیان بۆ گرتنی جەمال، هیچ خەم مەخۆ، هیـوات هـەبی کـە هـەر ئـەی بینینـەوە، جەمال ئیستا لە زیندانا تەنها نی‌یەو سەدان زیندانی‌و هاوری‌ی تری لەگەلدایە.

دایە گیان. خـۆت دەزانـی ئـەم سیسـتەم‌و حوکمەتـە لەبەرامبـەر هـەر شـتیکی ئینسـانیدا دەوەستیتەوەو دژیەتی. بۆیـە خـەلکیش بـە تایبـەتی خـەلکی کریکـارو خـەلکی رنجـدەر کەوتۆنەتـە سـەر داواو هـەقی خۆیـان. ئـەم سیسـتەمەش هـەق‌وداوای رەواو ئینسـانی ئەو خەلکەش بەزیندان‌و کوشتن وەلأم دەداتـەوە... لەبەر ئـەوە دایـە گیـان هـەر جـەمال زینـدانی نی‌یـە، هـەموو بەندیخانـەکان لـەو خەلکانـەی کەدنیایـەکی بـاش‌و ئینسـانیان دەوی لیفاولیف کـراون.. دنیایـەك کـە ئینسـان تیایـە ئـازاد بـی‌و یەکسـان بـی. کـەس کەس نەچەوسینیتەوە. کەس رقی لە کەس نەبی و هەمووی بەختەوەر بن.

دایە گیان بە هیوام هیچ خەم نەخۆیت‌و نەگریت.

دەستەکانی باوکم ماچ دەکەم. نازانم تەندروستـی چۆنـە؟ ئـەی لەگـەل کارەکـەیا چۆنـە؟ چاوە جوانەکانی هیرۆ ماچ دەکەم، بەهیوام بەختەوەر بی هەمیشە.

دایکی شیرینم من زۆر باشم‌و بەختەوەری ئیوەش ئاواتمە.

سلأوم بۆ گشت لایەك

کوری خۆت ، ئەکرەم.

(دایکە بە چمکی سەرپۆشەکەی چاوەکانی سری و ئاخیکی هەلکیشاو ووتی)

ـ رۆلە خوا بۆ منتان بهیلی، مەرگتان نەبینم.. مەرگم پیش مەرگتان بکەوی.

( کچە هەردوو دەستی لە دوو ئەژنۆی ئالاندبوو، تەواو نووقمی ووشەکانی ناو نامەی براکەی بوو بوو. جۆش‌وخرۆشی بیرەوەریەکانی تەواو ئارەزووی بینینەوەی لا پەیدا کردبوو، بە هیمنی بە دایکی ووت)

ـ دایە ئەو شەوەی کە هاتەوە ئەوە نەبوو پیی ووتین، ماوەیەکی‌تر ئەچمە داری زاین‌و بین بۆلام.

(دایکە قسەی کچەکەی پی خۆش بوو ووتی)

ـ ئای ئیستا ئەو ناوچەیە چەند خۆشە بەهارە.. دەشت‌ودەر سەوزە، لەهەر چوارلاوە سەری ناوەتە گولیکە سوورو گولی جوان جوانەوە.

" بۆ دایکەم سەندەوە، ئاخر ئیستا قەراغ زۆر خۆشە. بەهەشتیکە بۆ خۆی. ئاوو هەوایەکی سازگارو خۆشی هەیە."

(کچە دەم‌وچاوی وەك مانگ رۆشنایی دەدا، وەك پی‌بکەنی وابوو. بەئارەزووەوە ووتی)

ـ بەخوا خۆشە.

( دایکەو کچە هەردووکیان سەرنجیان دام، تی‌گەیشتم کە ئەم کارەیان بۆ ئەنجام دەم، هەروابوو دایکە ووتی)

ـ جا مەحموو گیان مەگەر تۆ ئەم هەوالەی پی بدەی‌و...

ووتم: بەسەرچاو، هەر چۆنی بی ریکی ئەخەین‌و منیش دیم.

( کچە بزەیەکی رۆشنی خۆشەویستی دەربری، سەیری دایکی کرد. دایکەش لەگەل گۆرینی باری دانیشتنەکەی ووتی)

ـ ئا بەقوربانت بم.. بەشکم دەنگ‌و رنگی جەمالیش پەیدا ببی‌و ئەو مژدەیەش بەو بدەین.

( دایکە کەمیك خەمی رەوییەوەو کچەش کەوتە ئەو دنیا خۆشە کەلای براکەی ئەیبینی. مام غەریبیش تا ئەودەمە لەکار نەهاتبۆووە.)

رووم کردە دایکی‌و ووتم: مام غەریب بۆ نەهاتەوە؟

بۆ ل٥٨

# خارە، هەر ئاشبەتارە!

هەژین

من نازانم نووسەرم یان نا، بەڵام دەزانم بۆکی دەنووسمو چی دەنووسم، خۆڵیش ناکەمە چاوی خوینەر، هەروەها نووسەریش لای من پلەو پایەکی کۆمەڵایەتی بەرزو شکۆدار نییە، جیگەی ریزو ستایشو خۆهەلکیشان نییە، لەبەر ئەوەی زۆر بەعسییش هەن کە نووسەرن.

لە ژمارە ٢٣-٢٤ی گوڵانو جۆزەردانی ٢٧٠٠ی کوردی مانگنامەی پەیام دا حەمەمین برایم خولامی لە ژیر ناونیشانی ( **جاریکی تریش لەم ئاشەدا** ) لە وەڵامی نووسینیکی مندا کە لەژمارە ١٠ی گۆڤاری ژیلەمۆدا بەناوی ( **هەیاسە لە ئاشی ئەنگۆ چ باسە**) بڵاوکراوەتەوە، کە نووسینەکەی من رەتدانەوەی کۆمەلێ سوکایەتی بوو کە حەمەمین برایم خولامی لەپشت پەردەی توانج گرتنە ئەندامانی پارتیکی چەپی عیراقی لە ناوئاخنی ساتیریکدا، بەرامبەر چینیکی کۆمەڵایەتی شۆرشگیرو چەوساوەی ئەم جیهانە کردوونی.

دیارە هەرکەس مافی خۆیەتی بەرگری لەخۆی بکاتو روونکردنەوەی زیاتر بدات، بەڵام روونکردنەوەو بەرگری نەك بوختانو ئاوەژوو کردنەوەی راستی! لیرەدا پیش ئەوەی وەڵامی ئاوەژووکارییەکانی ئەو کەلە نووسەرە ناسیونالیستە بدەمەوە، داوا لەخوینەرانی هیژا دەکەم، گەر بواریان بوو، با چاویك بە شاکارەکەی حەمەمین برایم خولامیو جنیو نامەکەی مندا (**ئەو واتەنی**) بخشیننەوە، ئەوساکە بریار بدەن.

حەمەمین برایم خولامی لەوەڵامەکەیدا پینج پەرەگرافی ریز کردوونو بەدلی خۆی دەستی داوەتە بوختان کردن، بەپیچەوانەی ریسای رەخنەگرییەوە دەقی پەرەگرافەکانی منی نەهیناوەتەوە، تاوەکو بە ئارەزووی خۆی خۆڵ بکاتە چاوی خوینەرانو بەگەزی خۆی، چۆنی بویێ بیپیوێ .

مەبەستی من لە وەڵامدانەوەی ساتیرەکەی وی تەنیا ئەوەبوو، کە بزانیت دەست بردن

بۆ سکڵ چی بەدوادا دیت، بەڵام لەوە دەچێ ئەو نیازی وابیت، لە بەرامبەر بەشمەینەتاندا بەژن و باڵای بنوینێ، نەیزانیوە تا چەوسانەوە مابیت، ئاگری مە خامۆش بوونی نییە. خارە گیان گەر دەتەویت خۆت بە خوینەران بناسینی و کوردایەتی‌یان پێ بفرۆشی، باشترە لەبەرامبەر ناسیونالیستە هاوبەژنەکانی خۆتا ئەو کارە بکەیت، چونکە پاشەلی بزووتنەوەکەت هیندە پیسە، مەگەر تەنیا بە بەراورد لەگەڵ رژیمەکەی عروبە لە بەغداد بویرن نیوی خۆتان بینن. گەر دەتەویت بە هەلبەستن و دروستکردنی نیویکی ئەفسانەیی منەتمان بەسەردا بکەی، ئەوا هیندە بەسە بلیم، گەر لە تۆ زیاترم نەکردبێ بۆ کورد و کوردستان ئەوا لە تۆ کەمترم نەکردووە، هەرچەندە نەبۆ کورد بوو نە بۆ کوردستان، تەنیا خزمەت بوو بە بۆرژوازی چاوچنۆکی کورد و بەس، ئیستاکەش خۆم بە شەرمەزار دەزانم بەرامبەر بە بەشمەینەتانی کورد، کە رۆژیك لەرۆژان لەسەنگەرە دژە جەماوەری‌یەکەی تۆدابووم !!

لیت نەزانی خارە گیان، دەستەکەت زوو دەرکەوت، لەوە دەچێ پیش ئەوەی پەیامی هەزارو چەندەمی( قەرارگای رەمەزان ) بە ینك و سەرکردایەتییە حەکیمەکەی گەیشتبێ، تۆ لەلایەن ( وزارت فرهنگ و إرشاد إسلامی)یەوە بە هیرش و سوکایەتی پیشت وەخت بۆ سەر کۆمۆنیستەکان و پرۆلیتاریا ئاگادار کرابیتەوە، ریی تیدەچێ، گەر مامە بۆ بەدەستهینانی چەك و تەقەمەنی بۆ شەری ناوخۆو کوشتوبری ئازادیخوازان ملی بەو کارە پیرۆزە دابێ، ئەوا ئاسایی‌یە تۆش بۆ بەدەستهینانی ڤیزاو ترانزیتیکی ئیران بە نووسینی ئەو شاکارە هەستابی.

دەفەرموویت من لە کۆمۆنیزم نەگەیشتووم، ئەگەر کریکاربی ونوینەری یەکی لەپارتە بۆرژواکانی کورد نەبی و لیرە خەریکی ریکخستنی تۆری تریاك فرۆشتن نەبیت! ئەوا کاتیك کە بەیانیان زەنگی کاتژمیرەکەی پشت سەرت وەك میردە زمە بەخەبەرت دینی و کار وەك پیداویستی‌یەك کۆیلە ئاسا راتدەکیشتە نیو کارگە، ئەوا لە کۆمۆنیزم و کۆمۆنیزمەکەی من تێ دەگەیت، هەلبەتە ئەگەر بەپارەی پارتایەتی و پاشایەتی چەند

خانوو بەرەو دوكانت  لە كاولستانەكەی كوردایەتی‌دا نەكریبی.

من پیویستم بە رینوینی ناسیونالیستیكی دژە مرۆڤ نی‌یە، لە كۆمۆنیزمم  بگەینی، ئەركی تۆ ئەمە نی‌یە، بەلكو ئاراستەكردنی نامەی  پارانەوەو خاترجەمكردنی شەریكە تاوانەكانی هەلەبجەو ئەنفال‌و شەری چوار سالەی نیوخۆیە ( وەك مانگنامەكەت دەیكات) . من سەر بەحشع نیم‌و هیچ كات حشع یش نزیكایەتی نەبووە بە بزووتنەوەی كارگەری‌و كۆمۆنیستی‌یەوە، بەلام لەگەل ئەوەشدا زۆر زۆر لەپارتە ناسیونالیستەكانی تۆ شەریف تربوون، فەهد نەك  هەر لەبەردەم سیدارەدا لە دروشمی نیشتیمانی‌یەكەی خۆی ( **نیشتیمانی  ئازادو گەلی بەختیار**) پەشیمان نەبووەو بنەچەی خۆی نەگۆری‌و داوای لە هاوەلەكانی نەكرد، واز لەخەبات بینن، بەلكو بە ورە بەرزی خۆی دادگەی سەرسام كرد. هەروەها حككع یش نیم‌و چەندی باوەرم بە پارتەكانی كوردایەتی  هەیە، ئەوەندەش مەنصوریم، بەلام دەبوو بیرت بكردایەتەوەو ئەوسا بتنووسیایە، لە  كاتیكدا كە بزووتنەوەكەی تۆ داوای یەكپارچەی عیراق دەكات‌و خەریكی ماستاو كردنە بۆ بەعس‌و كۆماری ئیسلامی‌و كەمالیەكانی  توركیە، مەنصوریەكان داوای جیابوونەوەی كوردستان دەكەن، لەكاتیكدا من ئەم دیرانە دەنووسم  بنكەو رادیۆو تەلەفزیۆنی‌حككع كەوتۆتە بەر هیرشی لەشكرەكەی تۆ، لەبەر ئەوەی كە مامە حەكیمەكەت تازە لە ئەمریكا گەراوەتەوەو لەترانزیتەكەی تارانیدا بەلینی داوە كە ئەوانەی داوای جیابوونەوە دەكەن لەناویان بەریت!! ئەزانی بۆ حەمەمین گیان لەبەر ئەوەی ئەورۆكە لەگەل بەرژەوەندی خواكانی ( ئەمریكاو توركیاو ئیران‌و عیراق) دا ناگونجی!

خالە گیان خۆزگە ئیوە نەك نیشتمان پەروەرو نەتەوە پەروەر بووایین، بەلكو پۆپۆلتیش بووایین .. خالە گیان لەوەدەچی میشكت سرابیتەوەو رووداو راستی‌یەكانت لەبیر نەمابن، ئەوە كی‌بوو لە كانی ماسی خەلكیان گوللە باران كرد؟ ئەوەكی‌بوون باوەكۆچەكی لای هەلەبجەیان سووتاند؟ ئەوە كی‌بوون ژنانی هاوسەركردوویان لە چەتەكانی خۆیان مارەكرد؟ ئەوە كی‌بوون ئاشبەتالیان كرد؟

کێبوون ئەوانەی بەرەو هەمەدان چوون؟ کێبوون ئەوانەی بەرەو بەکرەجۆ گەرانەوە؟ کێبوون ئەوانەی پاسداریان کیشانە کوردستان؟ کێبوون ئەوانەی هەکاریان خولقاند؟ کێبوون ئەوانەی لەگەل سوپا گەلیەکەی بەعس خۆپیشاندانی ١٩٨٤ خویندکارانیان پاشەکشی پیکرد؟ کێبوون ئەوانەی لەشکری ئیسلامیان کیشایە هەلەبجە؟ کێبوون ئەوانەی ریگەیان لەدانیشتوانی گەرمیان وقەراغو دەشتی هەولیر گرتو بە ئەنفال کردنیان دان، لە هەلەبجەدا ریگەیان لە خەلك گرتو گاز کوژیان کردن؟ کێبوون ئەوانەی لە گرتنی کویتدا شەریان لەگەل بەعس راگرت؟ کێبوون ئەوانەی پاش کۆرەوەکە خوینریژەکەی عروبەیان لەئامیز گرتو رایان مووسی؟ کێبوون شوراکانیان سەرکوت کردو کۆچرەوی ملیۆنیان سازکرد؟ کێبوون ئەوانەی بەر لەشکری گورگە بۆرەك کەمالیەکان کەوتنوبۆ جەنەرالەکانی ئەتاتورك کچانی پەکەکەیان کردە پەردەوە؟ کێبوون ئەوانەی لەچوارسال شەری ناوخۆدا لە هەلەبجەو خورمالو ئاکری دیلیان کوشت و بەدوای سەیارەدا رایانکیشانو سووتاندیانو گونو گوییان برین؟ کێبوون تەقەیان لەخۆپیشاندانەکەی هەولیر کرد، کە لە دژی شەری ناوخۆ بەرپا کرابوو؟ کێبوون پاسداریان هینایە کۆیە؟ کێبوون بەعسو ئەنفالو هینایەوە کوردستان؟ کێبوون هەزاران ژنیان لەسەر ناموس پەرستی تیرۆر کرد؟ کێ بوون شاعیریان کوشت؟ کێبوون پیشمەرگەیان بە تەور داپاچی؟ کێبوون حەمە گیان؟ خۆ کۆمۆنیستەکان نەبوون ؟!! هەی پۆلپۆتە نووسەر، مەگەر گۆبلز هیندەی تۆ لەشیواندنی راستیدا بەتوانا بووبی، لە کویی رەخنەکەی مندا ئەو پینچ پەرەگرافەی کە تۆ دیاریت کردوون هاتوون؟ بەراستی وەفادارو بە ئەمەکی، ناسیۆنالیستیکی تەواو عەیاری، وتە بەناوبانگەکەی گۆبلزت لەبیر نەکردووە "هیند درۆ بکە، تاوەکو باوەرت بەخۆت دەکەیت، کە راست دەفەرمووی!! " بەراستی جیی خۆیەتی گۆبلزی پیشرەوتان لەگۆرەکەیدا بەرزەپا هەلستیتەوەو دەست بەسنگەوە بەرامبەرت بووەستیو ستایشت بکا، چونکە شوین پیت هەلگرتەوەو نەتهیشت لەکوردستان وەجاخی کویربیتەوە.

چاوت بکەوەو دەست لە ورینەکردن هەلگرە، بزانە گەر بزووتنەوەی کارگەری و سۆشیالیستەکان نەبن، دەتوانی لەترسی ناسیونالیستە هاوبیرەکانت ( نیو نازیستەکان)دا لە نووسینگەی پارتە نیشتمان پەروەکانتا لە ئەورووپای لانکەی دیوکراتیدا سەرخەوێ بشکینی ؟

گەر خەمی تۆ ستەمدیدەیی کوردانە، نازانم بۆ خۆت وا سەخلەت کردووەو پیچاوتەتە ناو گۆرینو نیو نەتەوەیی بوونی عەولەکان، تۆ بلیی ئەمە لە نیشتمان پەروەرییەکەی ١٩٦٦و لە ئاشبەتالەکەی ١٩٧٤و کرنووش بردنەکەی ١٩٨٤و لە پاسدار بردنە کەرکوکی١٩٨٥و لە پیش لەشکرییەکەی ١٩٨٨ بۆ سەر هەلەبجەو ئاشبەتالەکەی ١٩٨٨ و هودنەکەی ١٩٩٠و سەرکوتی شوراکانو کۆچرەو پیکردنی ملیۆنی ١٩٩١و لیسانەوەکەی سەدامو تیرۆری هەزاران ژنو هینانی چەند جارەی جەندرمەی تورکی بۆ زاخۆو هینانی پاسدار بۆ کۆیەو هینانەوەی ئەنفال چییەکان بۆ هەولیرو ، گەورەترو زیانبەخشتر بیت؟!!

هەروەها ئەوەی کە تۆ خەلکی ئاوایی خولامی بیت نەك لە تیرەی خولامی، هیچ لە مەبەستو رەخنەی من لە دەمارگیری و ناوچەگەری تۆ ناگۆریت، دەزانی هەژینو هاوژینەکان لە کوێ بوون، لە زیندانەکانی بەعسدا، لە ژیرخانی شارەکاندا یان ناچار بوون رووبکەنە هەندەران، چونکە پارتە ناسیونالیستەکانی تۆ بە چەك هەلگرتن یان بەگەرانەوە بۆ نیو بەرەکانی شەری عیراق–ئیران ناچاریان دەکردن، واتە چاوساخی بۆ پاسداران یان بەرگری لە دەرگەی رۆژهەلاتی عروبە، حەمە کوردە !!

دواجار دەلیم کە ئەم وەلامە تەنیا بۆ تۆ نییە، بەلکو ئاراستەی گشت هاو قەلەمەکانی تۆیەو کە لە خۆلە پۆتەی ژیر نالی لەشکرە شەرە ئەنگیزەکانی یەکیتیو پارتیدا خەریکی چینەکردنن، خەریکی پارانەوەو دەست بە دامین گرتنی سەرۆکە رۆحییەکانی نەتەوەون تا بریارەکانی واشنتن برایانە جیبەجی بکەنو دلی دەولەتە داگیرکەرەکانی کوردستان نەرەنجینن !!

ئەوسا دەلیم "ژیلەمۆ " گۆڤارەکەی لای من (خۆت واتەنی) هەرلە سەرەتا رایگەیاندووە تەنیا ئەو بابەتانە بلاوناکەنەوە، کە لەبەرژەوەندی چینەداراکان نووسراون، ئەوەی کە شەش بابەتی من بلاوکراونەتەوە بەلگەی سانسور نییە، بەلام ریزکردنی نیوی کۆمەلیك بابەت لەهەر ژمارەیەکی مانگنامەکەی تۆداو راگەیاندنی بلاونەکردنەوەیان بەبی دەست نیشانکردنی هۆکەیان یان ئەوەتا ساختەن و بۆ خۆ زلکردنن یان ئەوەتا هۆکەی سانسورو دژایەتی تاکەکەسییە لەگەل خاوەنەکانیان بۆ ئەوەی گۆڤارو رۆژنامەیتر دەرگایان بەروودا دابخەن. ئەوەش تا ئیستاکە لەپرنسیپی هیچ بلاوکراوەیەکی سەربەخۆدا نەبووە ! یان بلاوکردنەوەی ووتاری خەلك بەنیوەو ناچلی بلاوکردنەوەی ئەو بەشەی کە لەگەل بیریان دیتەوەو قرتاندنی بەشی دژە تەوەر وەك ووتارەکەی ( مامۆستا سەلام عەبدوللا ابراهیم ) و دواتر بیانوو هینانەوە وەك قرتان بەهۆی فەنییە، گەر وایە بۆ نیوەکەی تری بلاونەکرایەوە، بۆ هەلەکە راست نەکرایەوە؟!! من نالیم ژیلەمۆ گۆڤاریکی بیوینەیە بەلکو لەوانەشە لاوازترین گۆڤاری هونەری کۆمۆنیستی بیت، بەلام هیچکات پەپەگای دیواخانی سەرکردەو پیاو ماقولان نییە، پاکانەو پارانەوەش بۆ خوینمژانی جەماوەر ناکات.

**پاشماوەی خەلکی ئەو ریگەیەن** .( **کچە هاتە دوو، ووتی** )

**ـــ شەفتی شەوە، ١٠ی شەو دیتەوە.**

**( کات بەرەو درەنگی دەچوو. تیشکی رۆژ رووناکایی خۆیی لە حەوشەکەدا پیچایەوەو وورده وورده بە دیواری حەوشەکەدا خۆی هەلزنان. ئەم درەنگ وەختیەش مال ئاوایی لەدایکەو کچە پیکردەو کەوتمە ناو کۆلانە خۆلاوییەکانی قەرەجاوا. سەروسیمای خەلکی هەژارو رەنجدەری گەرەکەکەش بە توندی دەنگیان لەمیشکما بەرز دەبۆوە )**

**" دەنگو باوەری جەمال نامری... ئیمە هەریەکەمان جەمالیکی ئەو ریگەیەین... خەلکانی ئەو ریگەیەین..."**

# بێرتۆڵد بریخت

## گفتوگۆ لەگەل (ئیکەهارد شاڵ) Ekkehard Schall

**" ئەم گفتوگۆیە لە پەرتووکی ( بیرکردنەوە گۆڕانە ) دا چاپکراوە کە لەلایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی (مارو)وە لەسالی ١٩٩٨دا بەبۆنەی سەدەهەمین سالرۆژی لەدایك بوونی بریخت ەوە بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا وەرگێرانی هیندیك لەو گفتوگۆیە پیشکەش دەکەین "**

( **ئیکەهارد شاڵ** لە٢٩ی ئایاری ١٩٣٠ لە ماگدیبۆرگ Magdeburg ی ئالمان لەدایك بووەو هەر لەویندەرێ خەریکی خویندنی شانۆ بوو. یەکەمین کاری وی لە ( شانۆی شاری فرانکفۆرت – ئۆدیر Stadttheater Frankfurter -Oder) و شانۆی نویی بیرلین (Neue Buhne Berlin) بوو. وی لە ئایاری ١٩٥٢دا لەلایەن بریختەوە هینرایە نیو تیپی ( **بیرلینەر ئینزیمبل** - Berliner Ensemble ) بۆ کار کردن و ساڵانی دواتر لە١٩٧٧وە تاوەکوو ١٩٨٩ جیگری بەریوەبەری تیپەکە بوو و هاوکات لەگەڵ کارە شانۆییەکانی کەوتە رۆلبینین لە فیلم ـ یشدا. وی یەکیك لە گرنگترین و کۆنترین ئەکتەرەکانی بریخت بوو. **شاڵ** لەبەر لەباری و هەلکەوتەیی تایبەتی رۆلی گرنگ و جۆراوجۆری لەشانۆکانی بریخت دا گیرا کە گرینگترینیان(خۆزێ ـ Jose) لەشانۆیی " تفەنگەکانی کاررخان "، **کۆریۆلان** ( Coriolan ) **لە شانۆیی " تراژیدی کۆریۆلان** سالی ١٩٦١، **پونتیلا** ( Puntila ) **لە شانۆیی " سەرووەر پونتیلاو کۆیلە ماتی** " ١٩٧٥، **ئازداك** ( Azdak ) **لەشانۆیی " بازنەی گەچینی قەفقازی " ١٩٧٦، گالیلە لەشانۆیی " ژیانی گالیلە** " ١٩٧٨، ( **بەعل** ) ( Baal ) **لەشانۆیی** ( Baal )دا ١٩٨٧دا . **شاڵ** بۆ رۆل بینین بۆ زۆربەی وڵاتانی ئۆروپایی، ئەمریکا، ئوستراليا، كانادا و ئیسرائیل چووەو لەبەر سەرکەوتوویی خەڵاتی رەخنەگران و هەروەها خەڵاتە ناوخۆیی و جیهانییەکانی وەرگرت، وی لەگەڵ باربارا بریخت، کچی هیلینە ڤایگل و بریخت هاوسەری کردووە.

**بەریز شاڵ ئیوە لەریگەیەکی تا رادەیەك نائاساییەوە هاتنە "بیرلینەر**

ئینزیمبلَ "ەوە، دەتوانن لەم بارەوە زیاتر بۆمان روون بکەنەوە ؟

**شالْ** : وەك هــەر کەســیکیتر کــە بچیتــە شــانۆکانیترەوە مــن بــەخۆم داخـــوازی کارگردننم دا، ئــەوکات بریخـت پرۆڤـەی شـانۆیی " تفەنگـەکانی کاررخـان "ی لەگـەلْ هیلینە ڤایگل‌و ئیرڤین گیشۆنیسك (Erwin Geschonesk) دەستپیکردبوو، رۆلی خۆزیَ ی لاو بریخت پیشتر لەگەلْ ئەکتەرانیتر پرۆڤەی کرد بـوو و لییـان نـارازی بـوو، وی لەدوای تیپیکی ئیسپانی یان رۆمانی دەگەرا، من ئەمەم بیستبوو، پرچم رەش کردو چوومە ویندەریَ، بریخت لە پیشدا هیچ قسەی نەکرد بەلکو رۆژیکی پرۆڤەی دیاریکرد کە لەویشدا شتیك لەگەلْ من دا پرۆڤەبکات، دوای چوار رۆژان ووتـی : کـە منـی بەدلـەو دەتوانم ئەو رۆلە بگیرم، بەلاّم من دەترسام رەشی پرچم کالْ بیتەوە.

بریخـت چۆن لـە رۆلبینـین لــە شـانۆیی " ئـاپیك "دا پشـتی بـەئیوە دەبەسـت. وی پیشنیاری بە ئیوە دەکرد کە تیۆرییەکانی بخویننەوە ؟

**شـالْ** : وی چـەند رسـتەیەك لـە تیۆرییــەکانی بــە ئیمــە دەداو کــە زۆربــەیان پیشــتر لـەگۆڤاری " چەمك‌و شیوە" (Sinn und Form)دا چاپکرابوون. دواتـر هیچکـەس لەتیۆری وی تینەگەیشتن بیجگە لەچەند کەسانیکی کەم، بە سالاّچووەکان‌و کەسانیك کە هاودەمی بوون‌و لەگەلْ وی کاریان کردبوو.

لـە شـانۆیی " تفەنگـەکانی کاررخـان "دا ئیـوە رۆلـی خـۆزیَی لاوتـان دەگـیراو هیلینـە ڤایگل کە لە رۆلی داپیرە دلاوەردا (Mutter Courage ) دا یەکیَ لە رۆلە گرنگەکانی هــەبوو رۆلــی کاررخــان ی دەگــیرا، ئیــوە وەك ئەکتــەریکی لاو کــە لەگــەلْ ئەکتــەریکی بەناوبانگی وەك هیلینە ڤایگل رۆلتان دەگیرا ؟

**شالْ** : بەلی، ڤـایگل ئەکتـەریکی گـەورەبوو، وی بەسـەر تـەواوی دیمەنەکـەدا زالبـوو، کاتیك کە لە دیمەنەکە شتیکی وەردەگرت فراوانی دەکردو هەموو شتیکی لەسەر شانۆ دەخستە ژیرکارایی. بـەلاّم ئەگـەر هەسـتی بکردایـە کە ئەکتـەریکی کــە لــە دیمەنەکـەدا هەیە، خۆی دەکیشایەوە کەنارو بواری دەدا تاوەکو ئەو ئەکتەرە خۆی نیشان بدات.

لەکاتی پرۆڤەی " تفەنگەکانی کاررخان "دا لە نیوان بریخت و هیلینە ڤایگل دا ناکۆکی هەبوو، ئیوە لەم بارەوە شتیکتان وەبیردیتەوە ؟

**شاڵ** : کاتی پرۆڤەکردنی " تفەنگە -کانی کاررخان " هیلینە ڤایگل بە بەردەوامی لە هەستی دایکایەتی و ژنیتی لیواولیو بوو و من بە تەواوی هەستم بەمە دەکرد. بەڵام بریخت داوای لیدەکرد بەبێ تیکەڵ کردنی هەست لەگەڵ رۆڵەکە، رۆڵ ببینیت و پیی دەگوت : بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم بابەتە تۆ هەرگیز ناتوانی ئەکتەر بیت. ئەم بینەوبەرەیە هەمیشە لەنیوان وان دا هەبوو تا ئەوەی کە هیلینە ڤایگل گەیشتە ئەو سەرئەنجامەی کە بریخت دەیویست. ئەمە یەکەمین جار بوو من تیگەیشتم کە دیالیتیك لە شانۆدا مانای چی‌یە.

ئایا پارتی کۆمۆنیست خۆی هەلدەقورتانە نیو کاروباری شانۆ ؟

**شاڵ** : هیچکات.

بەڵام رۆڵی هۆیردیر (Hoerder ) کە ئیوە لە شانۆیی جەنگی زستانە (Winterschlacht )دا دەتانگیرا کەوتەبەر رەخنەی توندوتیژ و لە شالیارگەوە تیلەفۆنیکیش کرا ؟

**شاڵ** : دوای یەکەمین نواندنی شانۆیی جەنگی زستانی و پاش چەپلە لیدانەکان، بریخت لەژووری خۆگۆریندا تیبینی‌یەکی بۆ دانابووم کە تییدا نووسیبووی : " شالی خۆشەویست، گەر بۆم هەبیت پیویستە بلیم، من ئیستاکە هۆیدیر زۆر باشترو سەرنج راکیشتر دەبینم" من بەم رۆل بینینەم زۆر رازی بووم. دواتر پاول ڤاندیل- (Paul Wandel ) ) شالیاری پەروەردەو فیرکردن بەتەنیا داوای منی کردو ووتی کە شانۆیی‌یەکە زۆر سەرنج راکیش بووە لای وی، بەڵام چۆن دەبیت دژە فاشیستیك ئاوا لەکۆتایی شانۆیی‌یەکەدا ترسنۆکانە بمریت ؟ من وەڵامم داوە کە ئیمە باوەرمان وەها بووە. وی سەرەرای ئەمە لەگەڵ بریخت یشدا قسەی کرد. من لە دووەم نواندندا بەبێ ئەوەی بریخت ئاگادار بیت ئەم رۆلەم بە جۆریکی‌تر گیرا، پاش نواندنەکە بریخت

پەشیواو هاتە شوین خۆگۆرینەکەمو هاواریکرد کە ئەوە چ ترۆهاتیك بوو کە من گیراومە. هەروەها ووتی تیبینی‌یەکەی خۆمم پێ بدەرەوە. من لەبارەی وتو ویژەکەمەوە لەگەڵ شالیاری پەروەردەو فیرکردن قسەم بۆ کرد. بریخت بەسەرما هاواریکرد "چۆن دەتوانیت وا گەمژانە گوێ لەقسەی وانە رادیری". من تیبینی‌یی‌کەم بە وی نەدایەوەو هیشتاکە لەماڵەوە لام ماوە.

بەرچاوترین سەرکەوتوویی نیونەتەوەیی تیپی شانۆی بیرلینەر ئیـنزیمبل لەساڵەکانی ١٩٥٤و ١٩٥٥دا وەك تیپیکی میوان لەپاریس بوو.

**شاڵ** : ئەم سەرکەوتنە بەرچاوە نەك تەنیا لە پاریس بەلکو لە لەندەن، مۆسکۆش بوو. ئەوانە گشتیان کاریکی تەواو نوێو هاوفۆرم بوون. رەخنەگرێ پاش نواندن ووتی ئیتر پیویست نی‌یە برواتە شانۆ چونکە بەشیوەیەکی تەواو بەدەسیهیناوەو ئەزموونی کردووە. لەبەر ئەوەی رەخنەگرانی تا ئەودەم هیچکات شانۆیەك کە بیرو خەیالیان شاعیرانە بینیتە جۆش نەدیتبوو.

بۆ بریخت ئەم سەرکەوتوویی‌یە وەك تیپیکی میوان چ مانایەکی هەبوو؟

**شاڵ** : وی لە سەرئەنجامی کارەکەی فرە رازی بوو، پاش یەکەمین نواندن داوایان لیکرد کە لە شوینی خۆی هەستیتەوەو بەپیوە بوەستیت، من پیم وایە وی لەم بارەوە زۆر خۆشحاڵبوو بوو.

چ شتیکت لە دوایین ساتەکانت لەگەڵ بریخت دیتەوە یاد ؟

شاڵ : کەس بەبیریدا نەدەهات کە وی دەمریت. نەخۆشی‌یەکەی بەهەلە دەستنیشان و بەهەلەش چارەسەرکرا بوو، ئەمە لەپاش وەستانی دلی دەرکەوت. هیچ هەراو هوریایەك بەبۆنەی مەرگی وی‌یەوە ئەنجام نەدرا. من ئەوم ناز دەکرد، هاوسەرو کچەکەی بەمەرگی وی دلتەنگ بوون. بۆ من وەك لەدەستدانی نزیکترین کەسانیك بوو کە دەمناسین. بریخت لەمانگەکانی دوایی‌دا " ژیانی گالیلە "ی پرۆڤە دەکردو بریار وابوو من رۆلی " ئاندرێ " بگیرم، کاتێ کە وی نەخۆش کەوت " ئیریش ئینگل "

(Erich Engel ) سەرپەرشتی پرۆڤەکەی کرد، کاتێ کە نەخۆشییەکەی بریخت تەشەنەی کردو سەرئەنجام مرد، ئیریش ئینگل دەرهینانی لەئەستۆ گرت. من ئامادە نەبووم مل بەو ئالوگۆرانەی کە ئینگل لەکارەکەدا دەیکردن بدەم، لەئەنجامدا بەزویی لەکار کشامەوە.

ئیوە یەکیك لە ئەکتەرە بەرچاوەکانی بریخت و هەروەها زاوای وی بوون و بە کەسایەتی هونەری و سیاسی وی ئاشنابوون، بە بۆچوونی ئیوە بریخت کەسیکی چۆن بوو ؟

**شاڵ** : ئیمە وەك لاوان کە ماوەیەکی کەم پیش سەردەمی سۆشیال ناسیونالیزم لەدایك بوو بووین خۆمان بە قوتابی بریخت دەزانی، ئیمە بۆ وەچەی پیشین بۆ مرۆڤە سوودمەندەکان کە لە ئاوارەیی گەرابوونەوە ریزمان دادەنا. من نەمدەویست لەشیوەی کەسیتیدا پەیوەندیم لەگەڵ ویدا هەبیت، ئیمە لەم رووەوە زۆر لەیەکەوە نزیك نەبووین. من دەمویست لەوەوە ئەوشتانەی کە بۆ من راست و گرنگ بوون، ئەو شتانەی کە مرۆڤ دەیتوانی لەخۆیدا گەشەیان پیبدات فیربم و تیبگەم. بەلام گەر من بمەویت (کاراکتەر)ی وی روون بکەمەوە، ئەوا پیویستە بەسەرهاتیکی کورتتان بۆ بگیرمەوە کە بەردەوام لەپیش چاومە : " خەریکی پرۆڤەی شانۆیی تفەنگەکانی کاررخان بووین، لەکاتی پرۆڤەدا من جاریك گویم لە روونکردنەوەی بریخت رانەگرت وی بەسەرمدا هاواری کرد، بەجۆریك کە ناخۆشترین شت کە لەبیرەوەرییم دا بوو هینایەوە پیش چاوم، پیی ووتم : " ئەکتەری نەزان، لاسایی کەرەوەی پالەوان، زیگفرید ی لاو " من پاش سرینەوەی ماکیاژەکەم شانۆم بەجیهیشت و لەرارەوەکەدا سیبەریکم دیت کە بریخت بوو، پیی ووتم : " تۆ دواجار زۆر باش بوویت ". وی هەرچەندە زوو تورە دەبوو بەلام دلسۆزو یارمەتیدەر بوو.

*وەرگیراو لە: فصل تئاتر ژمارە ٦ هاوینی ١٩٩٨.

## یاداوەری نووسەریکی دژە فاشیــزم و دژە ستــالینیـــزم..

"**ئینیاتسیو سیلونه**" له سالی ١٩٠٠ز له "**پسینا**"ی ئیتالیا لەدایك بووەو لە لاویدا به بزووتنەوەی سۆسیالیستی‌یەوە پەیوەست بوو، لەگەل بە دەسەلاتگەیشتنی فاسیستەكانی ئیتالیا هەلهات و سالی ١٩٤٤ دووبارە گەرایەوە ئیتالیاو بووە سەرنووسەری رۆژنامەی "ئەڤانتی ـ بۆ پیشەوە" بەشی زۆری بەرهەمەكانی وی تایبەتن بە بەرگری لە سوشیالیزم و هیرشی لیبراوانە بۆ سەر فاشیزم. "**سیلونه**" یەكیكە لە پیكهینەرانی پارتی كۆمۆنیستی ئیتالیاو یەكەمین رابەری كۆمۆنیستی بوو كە لە دژایەتی بی چەندوچونی‌دا لەگەل ستالینیزم، لە پارتی كۆمۆنیست كشایەو دووركەوتەوە. دوای جیابوونەوەی له پارت، بۆ وەستانەوە دژی كەسی سەر كوتكەرانەی سەردەمی خۆی، كە لەلایەن دەولەتی دەستی راستی و پارتی كۆمۆنیستی ستالینیستەوە بەسەر ئیتالیادا سەپینرابوو؛ لەچوارچیوەیەكی تازەتردا دریژەی به نووسەری‌دا. بەرهەمی وەك: "فۆنتامارا" ١٩٣٣، "نان و شەراب" (١٩٣٤) "دان لەژیر بەفردا" (١٩٤٣) ئەویان بیجگە لە بەناوبانگی لەئیتالیاو جیهاندا، گەیاندە پلەی ئەدیبی هەلكەوتەو ئەفسانەی دەست پی رانەگەیشتوو. دواجار،" سیلۆنه" ئەم نووسەرە خەباتگەرو ماندوو نەناسە ـ كەسیك كە لەبەرامبەر فاشیزمو ستالینیزم دا سەری دانە نواند ـ لە ٢٢- سیپتەمبەری١٩٧٨ له (ژنو) ئیتالیا ژیانی له دەست دا.

*له ژماره ٦٠ی (كارگر سوسیالیست نشریه ا تحادیه سوسیالیستهای انقلابی ایران- ویژه نویسندگان و رۆشنفكران) وەرگیراوە.

پاژیی هونـــــــــــــــــــــــــــــــەری ژیلەمۆ

# خاتە سوور و حەمەتاڵ

پلە خاتوون من تیناگەم، مامە روو لەهەر لایەك دەكا، شتێ روو دەدات، تۆ بلیی ئەمە ریكەوت بیت ؟! هەروەها بیستومە خەریكی سەوداو مامەلەیە بۆ وەرگرتنی مافی چارەنووس بۆ كوردەكانی ئیران و لە تەلەفزیۆنی (سەحەر)ەوە بانگەوازی پارتە ئۆپۆزسیۆنە كوردییەكانی كردووە بۆ گەرانەوەو حەوانەوە لەو بەهارە ئازادییەی ژیر سیبەری عەباو عەمامەی ئاخوندەكان، تۆ بیژی ئەم هەواڵە راستبێ ؟

**خاتەسوور:**

كوری خۆم حەمەگیان
ئەلیی نامۆییو نیت لە كوردستان
ئاورێ لەملاو ئەولای خۆت بەوە
لای خۆتەوە بە وردی بژمیرە
تۆری ئیتلاعات و قەرارگای رەمەزان

* * * * *

چیت لیقەوماوە كورم
ئەلیی وا زوو لەبیرت چوو
قارەمانێ بوو، چ قارەمان
چالاك و كردە
حەكیمو لیزان
چركە چركە
ژیانی پر بوو
لە بادانو تۆماری داستان
داستانی شەستو شەش

داستانی قرناقاو پشتئاشان
داستانی هەشتاو چوار
داستانی سەرکوتی شوراکان
داستان لە دوای داستان
داستانی دا پاچینی مرۆڤو
داستانی لیسانەوەی مرۆڤ کوژان
بۆ خاترجەمی
شاسواری عەرەبان
هیندەی چاوتروکانیك
پاکی کردەوە لە حشع
قرناکاو پشتئاشان
حەکیمی کردە، دستوبرد ناوی نا :
سەرکەوتنی رەنجدەرانی کوردستان

* * * * *

رۆژگار هاتو رۆژگار چوو
پیرە ناسیونالیستی بەسالاّ چوو
پاش داستانەکەی هەشتاوچواری
بە لەشکری قەرارگاە وپاسدارەوە
بۆ رزگاری خاکی کوردان
بەرەو قودسەکەی کوردستان چوو
پاش سالاّنێ دوورو دریژ

لە و کاکیشان
بۆ رزگاری پینج پارچەکە
هەلە بجەی کردە نیچیری
شەری هەشت سالەی بەغدادو تاران
لە میژووی شەری عیراق _ ئیرانا
ناوی لینا تۆلەی دیزفول و ئابادان
بەلام ئەوجارەش وەك جاری پیشوو
کلکی ناسیونالیزم بەتەلەوە بوو
* * * * *
لە داخ سەدامی بە رکاچوو
حەکیمی دانا
بارگەو بنەی دا بەشانا
بوون بە گەرۆکی بەر سەفارەتەکان
لە شارەو شاری شام و ئیرانا
وەك پیری مەیفرۆش
بەدحاڵ و بیهۆش
خۆی واتەنی لە کوردستانی ئەوروپا
نائومید، گەرو گۆشەگیر بوو
* * * * *
ئیتر لەو ساوە بەدواوە
پیاوانی خۆی سویند داوە

بەو میژووەی لە بەکرەجۆ
تۆمار کراوە،
بەو داستانەی لە قرناقا
ئە نجام دراوە،
بەو دەستە گولەی لە هەلە بجە
بە خومەینی پیشکەش کراوە،
بەو پیلانەی بۆ سەرکوتی را پەرین
سێ قۆلی نەخشە کیشراوە،
بەو هیرشە ئیسلامی‌یەی
بۆ سەر سەنتەری ژنان کراوە
لە هیچ ئەرکیکی سەوزی نیشتمانی
بەر نەکەنە دواوە
کورم حەمە، ئەمە هیشتا کەمە
هەرچی شەرو تیرۆیش روویداوە
ئەوەی کە بەغدادو تاران
واشنتۆن و ئانکارا
لە پشت هەوری رەشی
ئاسمانی ئامانەوە
نەخشەیان بۆ کیشاوە
بێ کەم و زیاد، حەکیمی دانا
لەریی رزگاری کورد و کوردستانا

وەك براكەی بارزانی
بێ شەرمەزاریو پەشیمانی
بە رۆژی نیوەرۆ ئەنجامی داوە.

ئەریَ لالە حەمە چ رووی داگە، ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی کە لە کاتی شەری ینكو پدك دا خۆیان كردبووە دەمراستی گەلو جەماوەر، کەچی ئەورۆکە پیشبرکیی پیاهەلدانو رازیکردنی ئەو دوولایەنە دەکەن ؟

حەمەتال :

جا خراپی چییە
چوونە دیواخان
بە کرنووش بردن
لەبۆ پیاو ماقولان
لەکن جووتە سەرۆکی میژوویی
تۆبە کردنو پیا هەلدان
ئەوەی سۆران
لیزانە حەکیمە
خەلکی لای خۆیانە
سووکەلەیە، بەلەپێیە
رۆژی لە بەغداو رۆژێ لەتارانە
برالەی قزلباشیش
خیرخوایە دەستی پانە

کاریان پیی دەبێ
ڕۆژی تەنگانە
لەبرایم خەلیل و خاپورا
یا لە کۆنسولگە و چاپخانە
خزمی یەك بوون
گشت سات و زەمان
ناشکینن ئیسکی یەك
کە بخۆن هەناوو گۆشتیان
تەواوکەری یەکن
پیویستیان پییانە
ڕۆژانی شەر
وان بۆ فریوو لەمپەری
ڕۆژانی ئاشتیش برابچووکی
بۆ مامە و کاکەش سەروەری
دوژمنی چینایەتییان هەریەکە
لە تەنگانەیا هانایان هەر بۆ چەکە
ئەوەی نارازییە بەم عەدالەتە
شوین و بەشی سیاچال و کوتەکە

خالە حەمە دەلین شیخەکان، هەموو شتیکیان زانیوەو حەکیم بوون، بەمردوویش گەر تکایان لی بکەیت، ئەوا لەتەنگانەدا فریات دەکەون !

**حەمەتال**:

گومانم نیە شیخی بنارە
درۆو دەلەسەت وەك رۆژ دیارە
رەنجەرۆتکردم وەخۆم نەزانی
گشت لیکیشامۆ وەشەکرو پارە
قور وە سەری خۆم و باوانم
ئاوارە و سەرگەردانی شارانم
شەرت بی بروا نەکەم بە تۆ
هەی فرو فیلچی بایعی درۆ
تاکەی تۆ تیرو منیش برسی بم
ئەمدی رۆژی تۆش بخۆی نانی جۆ
تاکەی تۆ سەرو‌ەر من بۆرە زەلام
گەر تۆ داوەر بی بۆکوی بەرم هانام
تازە باوەرم وە درۆکانت نەماوە
ئەو دونیا بۆ تۆ من هی ئەم دونیام

**کۆمەکی هاوریبان**

ئالمانیا: باوکی راستی (٢٠) مارك
حسن سارمی (١٥) مارك
کیسرا هەورامی (٢٠) مارك
بریتانیا: زاهیر باهیر (٥) پۆند
جاسم هەورامی (٥) پۆند

## (( لە هەرچل و بەرگێکدا بێت، ئەمن هەر ئەمنە ))

بەپێی هەواڵێك كە لە سلێمانی‌یەوە پێمان گەیشتووە، دوا بەدوای پێكدادانەكەی نێوان هێزەكانی ئەمنی ینك‌و چەكدارەكانی حككع لە ناوەراستی جولای ئەمسالدا كە بووە هۆی گیان بەختكردنی پێنج هاوڕێی كۆمۆنیست‌و داخستنی بنكەكانی حككع‌و ڕێكخراوی سەربەخۆی ژنان‌و سەنتەری پارێزگاری لە ژنان‌و سەنتەری منداڵان لە لایەن دەزگەی سەركووتگەری ئەمنی سلێمانی‌یەوە، كۆمەڵێك نووسەرو هونەرمەندو خەڵكانی ئازادیخواز لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە سەركوتگەرییەكانی ینك دەربڕی.

ینك هەروەك لەشاخ چەندین نووسەرو شاعیرو سەربازی هەڵهاتووی كە رەخنەیان لە رەفتارەكانی هەبوو، ناچار بە گەڕانەوە یان كۆچكردن بەرەو هەندەران دەكرد، هەرواش هێزەكانی كەوتنە رەشبگیرو چەندین كەسیان لەسەر دەربڕینی نارزایەتی خزاندەوە گۆشەی ئەو زیندانانەی كە دوێنێ لە ڕاپەرینە جەماوەرییەكەی ئازاردا روخێنرابوون.

لە نێو ئەو دەستە زیندانیانەدا دوو شاعیری بە هەڵویست(كۆچەر) و( شازین) كەوتوونەتە بەر پەلامارە شەوانیەكانی ئەمنی دەولەتەكەی ینك‌و تا هەنووكەش هەر لەژێر فشاری دەروونی‌و سوكایەتی جەلادەكانی ینك دان.

ئێمە وێرای دژایەتی بێپەردەو نەفرەتی بێ سنوورمان لە دەزگە سەركوتگەرییەكانی زانیاری‌و هەواڵگری‌و ئەمنی هەرێمی كوردستان، خوازیاری ئازاد بوونی دەستبەجێی گشت زیندانیانین، بانگەوازی هەمووان دەكەین تا بە ڕیزێكی یەكگرتووەوە وەك ڕۆژانی ڕاپەڕین، ئەمنەكەی ینكیش بە دەردی ئەمنە سوورەكە بەرین‌و بیرو ئەندیشەی ئازادیش ماڵەوماڵی كوردستان، مژدەی سبەیێ‌یەكی دوور لە چەوسانەوە بگەیێنێت.

ژیلەمۆ

# خشتەك

تێبینی: لەپڕکردنەوەی ئەم خشتەکەدا هەموو بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی لەبەرچاو گیراوون، بەپێی ڕێنووسی هەڵبژێردراوی ئەم گۆڤارە تەنیا نیشانەی "ێ" ی پیتەکانی (ڕ،ۆ،ێ)نەبێت، کە بەشێوەی(ر،و،ی) نووسراون.

**ئاسۆیی**

١- فام.
٢- زاوای سەربراو - هەپە سندان.
٣- ریشە لاواز بۆنی بن باخیل‌و تاج.
٤- ژنی سەرلیشیواو فر مال بە کۆل.
٥- بەرگی نیوتەنەی سەرووی مرۆڤ.
٦- وا (پ).
٧- ژنە نووسەری ئەلمانیای رۆژهەلاتی.
٨- ووتەی سەیرمان بیدەنگ بە!.
٩- دووپاتی پیتیك پیتی مەودا (پ).
١٠- بی بەر بیبار ونبوون.
١١- ئاودان نیری یەك لایی.
١٢- تیر مەردەنگدان پەلە هەور.
١٣- رووبار.
١٤- نەخۆشیەك گژوگیای ووشکەوەبوو پایەتەختی پیشووی ئەلمانیا کیو.
١٥- پیچەوانەی درشت شی.

| ١٥ | ١٤ | ١٣ | ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ■ | ■ | ■ | ■ | ■ | | | | | | ١ |
| | | | | | | ■ | | | | | ■ | | | | ٢ |
| | | | | | | | ■ | | | | ■ | | | | ٣ |
| | ■ | ■ | | | | | | ■ | | | ■ | | | | ٤ |
| ■ | ■ | ■ | ■ | ■ | | | | | ■ | | ■ | | ■ | ■ | ٥ |
| ■ | | | | | ■ | ■ | ■ | ■ | ■ | | ■ | ■ | ■ | ■ | ٦ |
| ■ | | ■ | ■ | | | | | | | | | | | | ٧ |
| ■ | | | | ■ | ■ | ■ | ■ | | | | ■ | ■ | ■ | ■ | ٨ |
| ■ | | | ■ | ■ | ■ | ■ | ■ | | | ■ | ■ | ■ | ■ | ■ | ٩ |
| | | | | ■ | ■ | | | | | | ■ | ■ | | | ١٠ |
| | | | | | ■ | | | | | | | | ■ | | ١١ |
| | | | | | | ■ | | | | ■ | ■ | | | ■ | ١٢ |
| ■ | | | ■ | ■ | ■ | ■ | | ■ | | ■ | ■ | ■ | ■ | ■ | ١٣ |
| ■ | | | | ■ | | | | ■ | | | ■ | | | | ١٤ |
| ■ | ■ | ■ | ■ | ■ | | | ■ | ■ | | ■ | ■ | | | | ١٥ |

خشتەکی ژمارە (٧)

## ستوونی

١- ناویك گەورە ژان.

٢- دروست (پ) - ریگە (پ).

٣- گژەبا ئەری ئەندامیکی لەش.

٥- زار چۆگ ئامرازیکی پرسیار کردن.

٦- هەرگ كۆمەك کردن.

٧- لیواولیو ناوچەیەکی رووسیە (پ).

٨-کورتکراوەی كاك توانایی (پ).

٩- رەنگی خۆلەمیشی ریگە گوم.

١٠- کەوچکی گەورەی کلك دریژ تەرایی.

١١- پەموو ئەم، ئەو (پ) لە، ل، ژ.

١٢- (لیپر)ی تیکەلو پیکەل- وەرە.

١٣- بویرە کەسیك کە هەر ساتیك لەسەر خەیالیکە.

١٤- میشی سەرلیشیواو - نیوی کیشوەریك.

١٥- ئازاد (پ) هیلی خوارخیچ

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ | ١٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ك | ا | ر | ل | و | | ن | ا | ج | ی | | چ | ه | ل | و |
| ٢ | ا | ت | س | و | ه | | ا | ر | ا | ت | | ی | ا | ه | و |
| ٣ | ل | ی | | ر | ن | | ت | ه | ب | خ | | ل | و | ر | ی |
| ٤ | ا | | چ | | د | | و | | و | ه | | | | ز | ه |
| ٥ | | | | | | | ر | | غ | ن | ل | د | | و | |
| ٦ | ك | ا | د | ی | و | ش | ا | | | | و | | س | ك | |
| ٧ | | ر | | ه | ت | ه | ل | ی | ز | ه | ف | | | | |
| ٨ | م | | ر | ك | | ر | ی | و | ر | | و | ه | ن | د | ا |
| ٩ | ر | و | و | ن | | ب | ز | ی | و | | ت | ه | ر | ه | س |
| ١٠ | و | | م | ه | | ه | م | ه | ب | | ی | و | س | ر | ا |
| ١١ | | پ | | ن | | ش | | و | ی | | ن | ش | | ه | ڤ |
| ١٢ | | | | | | ا | | | | | | ا | ر | ك | |
| ١٣ | ر | و | م | ه | ن | ر | و | ل | ا | ن | | ر | ن | ه | |
| ١٤ | | ر | | ر | ف | ا | | ا | | ڤ | | | | | |
| ١٥ | ژ | | ن | ا | ر | ن | ج | | ئـ | ا | گ | ا | د | ا | ر |

**پرکراوەی خشتەکی ژمارە (٦)**

خەلاتی براوەی ئەم خشتەکە، چوار ژمارەی گۆڤارەکەیە. تکایە لەتەك پرکراوەی خشتەکەکەدا ناونیشانی تەواوی خۆتان لەنامەیەکدا بەئادرەسی ژیلەمۆ بەری بکەن.

هەروەها بۆ ئەو بەریزانەی کە بەشداری ئەم گۆشەیە دەکەن، تکایە لەتەك ئامادەکراوی خشتەکەکەدا یا پرکراوەیەکی بێ هەلەی بەرێ بکەن. ژیلەمۆ